# هەڵوێستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی لە جەنگی دووەمی کەنداو ( ١٩٩٠ – ١٩٩١ )
# توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

م. ی. ڕێبوار خالد مصطفى

زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

## پوختە

پاش دەرچوونی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و پێکهنانی چەند دەوڵەتێك بەردەوام لە کێشەدا بوو، کە خۆی دەبینییەوە لە کێشەی سنوور و بوونی هێز و داهاتی بەردەوام، یەکێك لەو کێشانە کێشەی نێوان عێراق و کوێت بوو، کە سەرئەنجام بووە هۆی داگیرکردنی کوێت و بەرپابوونی جەنگی دووەمی کەنداو، ناجێگری بارودۆخی ناوچەکە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخە و بە ناونیشانی ((جەنگی دووەمی کەنداو ١٩٩٠ – ١٩٩١)) توێژینەوەیەکی مێژویی سیاسییە، هەوڵدراوە هۆکاری سەرهەڵدان و ڕووداوەکانی جەنگ و هەڵوێستی وڵاتان و ئەنجامەکانی ئەم جەنگە، وەك تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە بە میتۆدێکی زانستی کاریان لەسەر بکرێت و ڕوونبکرێنەوە.

داگیرکردنی کوێت لە ئەنجامی داواکاری عێراق سەبارەت بە کوێت و لکاندنی بە خاکەکەی، بە هۆکاری جوگرافی و مێژوویی و ئابووریی و سیاسی ڕوویدا، ئەمەش بووە هۆی ناڕازی و دژایەتی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی زلهێز و توانیان بە دەرکردنی دوازدە بڕیار دژ بە عێراق لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێرشی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و زەبرێکی کوشندە لە عێراق بدەن و ناچاری پاشەکشەکردن لەخاکی کوێت و قبوڵکردنی گشت بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی تایبەت بەم جەنگەی بکەن. لە ئەنجامی ئەمەش عێراق زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەوی و مرۆیی بەرکەوت و مەرجی دژواری ئاگر بەست بەتایبەتی سزا ئابوورییەکان و چەك داماڵینی بە سەردا سەپێندرا، سەرباری گەمارۆدان و دابڕینی عێراق و بەهێزکردنی پێگە و ڕۆڵی ئەمەریکا و وڵاتانی ناوچەیی بە تایبەتی ئێران و تورکیا.

## پێشەکی

جەنگی دووەمی کەنداو لە ئەنجامی دارِمانی ژێرخانی ئابووریی عێراق بە بیانووی کێشەی سنوور و پێنەدانی قەرز و دابەزینی نرخی نەوت، بە مەبەستی فراوانکردنی سنووری جوگرافی و سیاسی عێراق لە لایەن (سەدام حسێن) سەرۆك کۆماری عێراق بڕیاری لێدرا، بووە هۆی داگیرکردنی کویێت و وێرانکردنی، بەلاّم پاش چەند مانگێك لە داگیرکردنی ئەم ولاّتە لە لایەن هاوپەیمانانەوە جارێکی دیکە شکۆ و سەربەخۆیی بۆ گەڕایەوە و عێراقیش بە تەواوی دووچاری تەنگەژەی ئابووری و سیاسی بوو.

گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە شێوازێکی زانستی و پشت بەستن بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی تیشك بخاتە سەر ڕووداوێکی گرنگ، کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی ناکۆکی نێوان عێراق و کویێت، کە بە هێرشی سەربازی عێراق و ڕزگارکردنی کویێت کۆتایی دێت. لەبەر ئەمە ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شارەزابوون لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی کێشەی نێوان عێراق و کویێت و هۆکار و ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی کەنداو.

پێکهاتە و ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە سێ باس و دەرئەنجام پێکدێت، لە باسی یەکەم تیشك خراوەتە سەر هۆکارەکانی دروستبوونی جەنگی دووەمی کەنداو (١٩٩٠ — ١٩٩١) بە تایبەتی هۆکاری (جوگرافی و مێژوویی و ئابووریی و سیاسی)، کە ئەم هۆکارانە چۆن بوونەتە هاندەرێك بۆ ئەنجامدانی ئەم داگیرکارییە. باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ چۆنیەتی ڕووداوەکانی جەنگ، وێرای ئاوڕدانەوەیەك لە هەڵوێستی ولاّتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان لە بەرانبەر ئەم داگیرکارییە. باسی سێیەم بۆ ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم جەنگە تەرخانکراوە.

### باسی یەکەم : هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگی دووەمی کەنداو ( ١٩٩٠ — ١٩٩١ )

### یەکەم : هۆکاری جوگرافی و مێژوویی :

شوێنی جوگرافی هەر ولاّتێك، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر توانستی سیاسی و ئابووریی و سوپایی ئەم ولاّتە. عێراق دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاّتی نیمچە دوورگەی عەرەب و دراوسێی ولاّتانی تورکیا، ئێران، سوریا، سعودیە، ئوردن و کوێتە. هەربۆیە عێراق شوێنی جوگرافیای بە زیندانی جوگرافیای سیاسی خۆی دەزانی، چونکە بەهۆی ناکۆکی سنووری لەگەڵ ئێران بەردەوام لە کێشە و ململانێدا بوو، لەگەڵ سوریا پەیوەندیی ئاڵۆز و دژواریان هەیە. بەهۆی کێشەی ئایدیۆلۆژی نێوان حیزبی بەعسی عێراق و حیزبی بەعسی سوریا و ململانێی هەردوو دەوڵەت لە سەر مەسەلەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست، کێشەی جوگرافیش لەسەر ئاوی فوڕات و چۆنیەتی دابەشکردنی، بڕینی بۆڕی نەوتەیی عێراق، کە بە سوریادا تێدەپەڕی هەبوو[1].

پەیوەندیی عێراق بە تورکیا هیچ کات جێی باوەڕ و متمانە نەبووە، لە لایەك مەسەلەی کۆنتڕۆڵکردنی ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات لە لایەن تورکیا، کە هەوڵی دەدا بەهۆی بەنداوەکانی پڕۆژەی (گاپ) بۆ چەند مەبەستێکی سیاسی بەکاریان بهێنێ، ئەمەش کاریگەریی ترسناکی لەسەر کشتوکاڵی عێراق بەجێ دەهێلێت، لە

---

[1] مؤيد ابراهيم كاظم الونداوي، الحرب العراقية - الإيرانية واثرها على الامن القومي العربي والامن الوطني العراقي ،رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٤، ص ١٩٨ — ٢٠٠.

لایەکی دیکە مەسەلەی بانگەشەی ناڕاستەوخۆی تورکیا سەبارەت بە تورکیایی بوونی ناوچە نەوتییەکانی ولایەتی موسڵ. سەرباری گرفتەکانی پەیوەند بە بۆڕی ناردنە دەرەوەی نەوت بە خاکی تورکیادا، ئەمانە عێراقیان هێنایە سەر ئەو باوەڕەی لە کاتی تەنگانەدا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دادی نادات، هەرچی پەیوەندیی عێراق بە ئوردنە بەردەوام پەیوەندییەکی ئاسایی بووە، بەڵام دروستکردنی پەیوەندی بە دنیای دەرەوە لەڕێی ئوردنەوە بۆ عێراق جێی باوەڕنییە، چونکە کەنارەکانی ئوردن دەڕواننە سەر کەنداوی (عەقەبە)، واتە دەڕواننە سەر ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی ئیسرائیلیان بەسەردا دەشکێ، سەرهەڵدانی هەر پێکدادانێك عێراق دەخاتە ناو بازنەی دەسەڵاتی ستراتیجی ئیسرائیلەوە، بەڵام پەیوەندیی عێراق بە سعودیەوەییە پەیوەندیەك بووە، کە بەردەوام لە بەرز و نزمی دا بووە، لەگەڵ ئەوەش سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بە بیابانە پان و بەرینەکانی باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبدا تێدەپەڕێ، بە جێگایەك عێراق چاوەڕێی هیچ بەرژەوەندییەکی ستراتیجی و ئابووری لێ ناکات، هەرچەندە لە ساڵی (١٩٨٥) ئەو بۆڕییە نەوتەی تەواوکرد، کە بە سعودیەدا تێدەپەڕێ، بەڵام بەهۆی گرتنی کوێت، سعودیە ئەو بۆڕیە نەوتەی داخست[٢]، تەنانەت عێراق لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە هەلومەرجێکی لەباری لە کەنداودا نییە، ئەم وڵاتە لە کەنداو خاوەنی سێ بەندەری (ئوم قەسر و بەسرا و فاوە)، بەڵام بە بڕوای عێراق ئەم بەندەرانە ناتوانن پێداویستییەکانی جێبەجێ بکەن[٣]، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵێك کێشە، کە لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسیەوە لەو سنوورەدا ئابلۆقەی عێراق دەدەن.

درێژی کەناری عێراق لە سەر کەنداوی (٥٦, ٥٥) کیلۆمەترە، کە ئەوەش کورتترین کەنارە لە چاو وڵاتانی کەنداودا[٤]، جگە لە (خۆر عەبدوڵلا)، کە لە نێوان عێراق و کوێت هاوبەشە، کەنارەکانی عێراق قوڵاییان نییە، بۆیە یۆ دروستکردنی بەندەر دەست نادەن، لە لایەکی دیکە بەهۆی بوونی شەتولعەرەب بە ڕووبارێکی هاوبەش لە نێوان عێراق و ئێران بووەتە هۆی ئەوەی، کە عێراق بە چاکی سوود لەم ڕووبارە وەرنەگرێت، بە تایبەتی کە دەسەڵاتی ئێران بەسەر ڕۆژهەڵاتی شەتولعەرەبدا دەسەڵات و شوێنی مانۆری عێراقی لە ڕووی سەربازی و بازرگانییەوە سست کردووە، لە لای باشووری ڕۆژئاواشەوە، کوێت هەردوو دوورگەی (وەربە و بوبیانی) هەیە، ئەمەش گرنگیی (خۆر عەبدوڵلا و ئوم قەسر) بۆ عێراق کەم کردووتەوە، بۆیە عێراق لە ڕووی دەریاییەوە خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ینیە، ئەم گرفت و بەربەستانە بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی عێراق، کە دەستگەیشتن بە دنیای دەرەوە لە ڕێی دراوسێکانییەوە چارەی کێشە و گرفتەکانی ناکا، لەبەر ئەوە عێراق پێی وابوو بە جوگرافییەکی سیاسی ئاڵۆزەوە هیچ چارەیەك نا دۆزێتەوە، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە خاوەن کەنارێکی دەریایی سەربەخۆ و بەندەری جیاجیا و خاوەنی قوڵایەکی ستراتیجی تایبەتی خۆی، ئاڕاستەی ستراتیجی خۆی بەرەو کوێت برد کە وڵاتێکە کەنارێکی بە درێژایی (١٢٥) میل لەسەر کەنداو هەیە[١].

عێراق کە پێی دەگوترا (میسۆپۆتامیا) لە سێ ولایەت (بەسرا، بەغدا، موسل) پێکدەهات. ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی شازدەوە تا یەکەم جەنگی جیهانی فەرمانڕەوایی دەکرد، پاشان لەلایەن بەریتانیا داگیرکرا و

---

[٢] دێدەوان محمد و ڕێبین ئەحمەد هەردی، فاکتەرە جوگرافییەکانی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٥)، سلێمانی، نیسانی ١٩٩٣، ل ٥٣ — ٥٥.

[٣] لجنة من المختصين، منافذ العراق البحرية، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، الكويت، ٢٠٠٤، ص ١٣ — ٢٣.

[٤] خطاب صكار العاني، نوري خليل البرازي، جغرافية العراق، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، بدون سنة الطبع، ص ٧.

[١] دێدەوان محمد و ڕێبین ئەحمەد هەردی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦ — ٦٠.

دەوڵەتی بە ڕووکەش سەربەخۆیی عێراق دروستکرا. هەرچی کوێتە لەسەدەی حەڤدەیەمدا بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سەر بە ولایەتی (بەسرا) بووە و لەلایەن ئەو ولایەتەوە بەڕێوە براوە، لە پاش یەکەم جەنگی جیهانی کوێت کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا تا لە ساڵی (١٩٦١) سەربەخۆیی خۆی وەرگرت[٢]. پەیوەندیی نێوان عێراق و کوێت لەسەر سنوور لە هەڵکشان و داکشان بوو، بەلاّم پاش ئەوەی عێراق لە ساڵی (١٩٣٢) سەربەخۆیی وەرگرت و بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا، بەریتانیا داوای لە عێراق کرد، کە سنووری لەگەڵ کوێت دیاری بکات، لە بەرانبەر ئەم داواکارییە (نوری سەعید) سەرۆك وەزیرانی عێراق لە (٢١/ تەموزی/١٩٣٢) بڕیاری دیاریکردنی سنووری عێراق و کوێتی دا لەسەر ئەو بنەمایەی، کە لە ساڵی (١٩٢٣) سنووری هەردوو وڵاتی پێ دیاری کراوە، لە بەرانبەردا شێخ (ئەحمەد جابر سەباح) لە (٣/ ئابی/١٩٣٢) ڕەزامەندیی لەسەر ئەم دیاریکردنەدا[٣]، لەگەڵ ئەوەی سنووری هەردووك وڵات دیاری کرا، بەلاّم حکومەتی عێراق بۆ پەیوەستکردنی کوێت بە خۆیەوە، پەنای بردووتە بەر چەندین ڕێگەی جیاواز، وەك: خۆدزینەوە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکان، کێشەی قاچاخچێتی، مەرج دانان لەسەر دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ کوێت[٤].

لە ساڵی (١٩٦١) کوێت سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەرگرت، لەهەمان ساڵدا عێراق لەسەردەمی (عبدولکریم قاسم) سەرۆك کۆماری عێراق بە بەڵگەی ئەوەی، کە کوێت بەشێك بووە لە ولایەتی بەسرای عوسمانی لە (٢٥/ حوزەیرانی/١٩٦١) ڕایگەیاند، کە کوێت بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق و هەڕەشەی گەڕانەوەی کوێتی بۆسەر عێراق کرد، بەلاّم بەهۆی بەرهەڵستی بەریتانیا و جێگیرکردنی هێزی سەربازی وڵاتانی ئەندام لە (کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی)[١]، ئەم هەوڵەی عێراق شکستی هێنا و لە داواکارییەکەی خۆی پاشگەز بووە، لەپاش کەوتنی عبدولکەریم قاسم لە ساڵی (١٩٦٣) دروستبوونی حکومەتی نوێی عێراق هەرچەندە سەربەخۆیی کوێتی بە فەرمی ناسی، بەلاّم کێشەی سنووری نێوانیان هەر بەردەوام بوو، حکومەتی عێراق ڕایگەیاند ڕێککەوتننامەکانی نێوانیان کاتێك مۆرکراون، کە عێراق لەژێر دەسەڵاتی دەرەوە دابووە، وتووێژەکان ئازادنە

---

[٢] سالار حەمە سور باسیرە، جەنگی دووەمی کەنداو (هۆ و ئەنجامەکانی)، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٣٧)، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٢، ل ٤٢ — ٤٤.

[٣] احمد عدنان عبد الكريم الشكاكي، الأمم المتحدة و قوات حفظ السلام الدولية مع دراسة لبعثة الأمم المتحدة للمراقبة بين العراق و الكويت، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٦، ص ١٥٦ — ١٥٩. دەربارەی دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق و کوێت لە ساڵی ١٩٣٢ بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١) .

[٤] ئەسغەر جەعفەر ولدانی، داواکارییەکانی عێراق سەبارەت بە خاکی کوێت، وەرگێڕانی: ئازاد مەحمود پێنجوێنی، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٨)، سلێمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٤، ل ٣١.

[١] کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی (١٩٤٥) لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە نێوان وڵاتانی (میسر، عێراق، سوریا، سعودیە، یەمەن، ئوردون، لوبنان) دروستکرا بەمەبەستی نزیکردنەوەی وڵاتانی عەرەبی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : مجدي حماد، جامعة الدول العربية، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (٣٤٥) في نوفمبر ٢٠٠٧.

ئەنجام نەدراون، بۆیە پێویستە دەستکاری سنووری نێوان هەردوو وڵات بە قازانجی عێراق بکرێت، بەڵام ئەم داواکارییە لەلایەن کوێتەوە ڕەتکرایەوە[٢].

پاش گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن حیزبی بەعس لە ساڵی (١٩٦٨)، داواکارییەکانی عێراق سەبارەت بەخاکی کوێت زیادی کرد، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨ – ١٩٧٩) حیزبی بەعس بە بیانووی سوودوەرگرتن لە بەندەرکانی بەسرا و ئوم قەسر، پێویستی عێراق بە بەندەرێکی قووڵ بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت، هەوڵیدا کوێت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش عێراق بۆ ملکەچکردنی کوێت و هێنانەدی خواستەکانی، کەوتە گوشار و هەڕەشە کردن و هەڵوەشاندنەوەی یەك لایەنەی ڕێککەوتننامە سنوورییەکان و دروستکردنی بنکەی سەربازی لە ناو خاکی کوێت و پێکدادانی سەربازی لە (٢٠ / ئاداری / ١٩٧٣)، بە مەبستی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عێراق و کوێت کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کەوتە نێوان هەردوولا، حکومەتی عێراق و کوێتی لە سەر مێزی وتووێژ دانا، ئەم وتووێژە تا ساڵی (١٩٧٥) بەردەوام بوو لە ئەنجامدا بە پەیمانێك کۆتایی هات، بە پێی ئەم پەیمانە کوێت ڕێگەی دا، کە عێراق کاڵای بازرگانی بە ناو خاکەکەیدا بەرێ بکات[٣].

لە ساڵانی (١٩٧٩ – ١٩٨٩) بە هۆی جەنگی عێراق و ئێران پەیوەندییەکانی عێراق و کوێت پەرەیان سەند، عێراق لەم جەنگەدا پشتی بە بەشێك لە کۆمەکە دارایی و لۆجستی و سیاسییەکانی کوێت بەست، لە (تشرینی دووەمی / ١٩٨٤) پاش ڕێککەوتنی نێوان عێراق و کوێت بڕیاردرا، کە دوورگەکانی (وەربە و بوبیان) بە شێوەیەکی کاتی بخرێنە ژێر دەسەڵاتی عێراق بۆ ئەوەی لە کاتی جەنگ سوودیان لێوەربگیرێت، لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران، دەسەڵاتدارانی کوێت داوایان لە حکومەتی عێراق کرد بە مەبەستی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە لە پەیوەندییەکانی نێوانیان و چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی نێوانیان سنووری نێوانیان دیاری بکەن، بەڵام حکومەتی عێراق هەر نەك خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکان و دیاریکردنی سنووری نێوانیان دەدزیەوە، بەڵکو لە داواکارییەکانی خۆی سەبارەت بە خاکی کوێت چاوپۆشی نەدەکرد و گوشاری زیاتری خستەسەر کوێت، دەسەڵاتدارانی عێراق بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ڕێگایەکیانییە، کە ئاسایشی ناردنە دەرەوەی نەوتیان بۆ دابین بکات بەتایبەتی باش زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت و دروست بوونی کێشە بۆ ئەو بۆڕییە نەوتەی بە خاکی سوریادا تێدەپەڕی، لەبەر ئەوە بەردەوام کوێتیان خستۆتە ژێر گوشار، بۆ ئەوەی بەشێك لە زەوییەکەی بۆ دروستکردنی بەندەرێکی نەوتی بە عێراق ببەخشێ بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر ڕێگای ئاوی هەردوو بەندەری وربە و بوبیاندا بگرێت و ئاسایشی ناردنەدەرەوەی نەوتی بۆ مسۆگەربکات[١]، داواکارییەکانی عێراق سەبارەت بە کوێت، لای وڵاتانی کەنداو ئەو ئەندێشەیەی بەهێزکرد، کە عێراق سیاسەتێکی فراوانخوازانە بەزیانی دەوڵەتە هاوسێکانی خۆی پێڕەو دەکات کە پێویستە ڕێگری لێ بکرێت.

---

[٢]Khadduri, M. and Ghareeb, E., War in the Gulf, ١٩٩٠-٩١ the Iraq-Kuwait Conflict and Its Implications, (New York, ١٩٩٧), p ٦٥ – ٧٢.

[٣] عبد المالك التميمي، العلاقات الكويتية العراقية (١٩٢١ – ١٩٩٠)، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥، ص ٥٧.

[١] محمد نايف العنزي، صفحات في التاريخ السياسى للكويت، ط (٢)، مكتبة أفاق، كويت، ٢٠١٣، ص ١٨٧ – ١٩٤.

**دووەم : هۆکاری ئابووریی:**

لە (٨ / ئابی / ١٩٨٨) جەنگی نێوان عێراق و ئێران کۆتایی هات، عێراق لە پاش ئەم جەنگە خۆی لە بارودۆخێکی ناهەمواری دارایی بینییەوە، لە ساڵی (١٩٨٠) حکومەتی عێراق خاوەنی (٣٦) ملیار دۆلار پارەی یەدەگ بوو[٢]، بەڵام پاش وەستانی جەنگ عێراق نزیکی (١٠٠) ملیار دۆلار قەرزدار بوو، ئەوە جگە لە زیانەکانی جەنگ کە نزیکەی (٣٠٠) ملیار دۆلار بوو، سەرباری زیادبوونی بێکاری و دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە موچەخۆرانی دەوڵەت لە شوێنی کارەکانیان، کەمبوونەوەی بەربوومی کشتوکاڵیی و وای لە حکومەتی عێراق کرد، کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ بە شێکی زۆری پێداویستیەکان لە دەرەوە هاوردە بکات[٢]، ئەوە لە کاتێکدا عێراق لەپاش کۆتایی جەنگ، نزیکەی (١٣) ملیار دۆلاری دەست دەکەوت، کە بەشی خەجییەکانی نەدەکرد، سەرباری کێشەی قەرزەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوایەکان و ڕوسیا زیاتر بارودۆخی ئابووریی وێرانترکرد، لە کاتی جەنگی عێراق و ئێران ئەو وڵاتانەی پشگیری عێراقیان دەکرد و نزیکەی (٨٠) ملیار دۆلاریان بەشێوەی قەرز دا بە عێراق، بەڵام لە پاش جەنگ عێراق توانای دانەوەی ئەم قەرزانەی نەبوو[١]، ئەم هۆکارانە وایانکرد لە (شوباتی / ١٩٩٠) لە کۆبوونەوەیەکی (ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو)[٢] لە ئوردن، سەدام حسێن داوای لە شای ئوردن و سەرۆکی میسر کرد، کە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی وڵاتانی کەنداو لە قەرزەکانیان لەسەر عێراق خۆش ببن، هەروەها داوای کرد، کە بڕی (٣٠) ملیار دۆلاری دیکە بدەن بە عێراق، وەك پلانێکی عەرەبی بۆ بنیاتنانەوەی عێراق، چونکە عێراق لەکاتی جەنگی ئێران، وەك پارێزەری وڵاتانی عەرەبی بووە، بۆیە پێویستە لە بەرانبەر ئەمە یارمەتی عێراق بدەن، هەروەها پێی ڕاگەیاندن ئەگەر پارە نەدەن بە عێراق ئەوە خۆی دەزانێ چۆن وەدەستی دەخات، سەرباری ئەم کێشە داراییانە لە (شوباتی / ١٩٩٠) عێراق بە دابەزینی نرخی نەوت تووشی کێشەیەکی دیکەی دارایی بوو بەجۆرێك لە (کانووی دووەمی / ١٩٩٠) عێراق یەك بەرمیل نەوتی بە (٢١) دۆلار دەفرۆشت، بەڵام لە (ئازاری / ١٩٩٠) نرخی یەك بەرمیل دابەزی بۆ(١٨) دۆلار، لە هاوینیشدا بۆ (١١) دۆلار، بەمەش عێراق دووچاری مایەپوچ بوون دەبوو[٣].

عێراق هەوڵی دەدا نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی لە لایەك لە داهاتی زۆری دەست بکەوێت و پێداویستییەکانی پێ دابین بکات لە لایەکی دیکە بتوانێت بەم زیادە داهاتەی دەستی دەکەوێت بەشێك لە قەرزەکانی پێ بداتەوە، ئەم کارە کاتێك بە ئەنجام دەگەیشت، کە هەناردەی نەوتی ڕێکخراوی

---

[٢] سالار حەمە سور باسیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

[٢] تركي الحمد، الغزو (الأسباب الموضوعية و المبررات الأيديولوجية)، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥، ص ٩٩.

[١] Freedman, L., and Karsh, E., the Gulf Conflict ١٩٩٠ – ١٩٩١, (New Jersey, ١٩٩٣), p٣٨ –٤٠.

[٢] ئەم ئەنجوومەنە لە (٢٦ / ئایاری / ١٩٨١) لە لایەن وڵاتانی (سعودیە، کوێت، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، عومان) دامەزرا بە مەبەستی هەماهەنگی ئەم وڵاتانە لە گشت بوارە ئابووریی و ئەمنی و ڕۆشنبیرییەکاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : یوسف گۆران، ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو و هەندێ لە گیروگرفتە ئەمنی و سەربازیەکانی، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٣٦)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠١، ل ٢٠٦ – ٢٠١٨.

[٣] فیبی مار، مێژووی نوێی عێراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٣٥١ – ٣٥٥.

(ئۆپێك)[٤] كەم بكرێتەوە، بەلاَم هەریەكە لە كوێت و ئیماراتی عەرەبی ئەمەیان ڕەتكردەوە و پابەند نەبوون بەو ڕێژەیەی، كە ڕێكخراوەكە بۆی دیاری كردبوون، نەوتی زیاتریان هەناردەی بازاڕەكانی جیهان كرد[٥]، بەمەش عێراق ساڵانە یەك ملیار دۆلار زیانی پێدەگەیشت، لەگەڵ ئەمەش عێراق دەوڵەتی كوێتی تاوانبار دەكرد، كە بەڕێژەی (٤, ٢) ملیار دۆلاری نەوتی لە ناوچەی ڕومێلە، كە عێراق بە هی خۆی دەزانێت دەرهێناوە[٦].

لە (٢٣ / ئایاری / ١٩٩٠) لە كۆبوونەوەی سەرۆكی دەوڵەتانی عەرەبی لە شاری بەغدا سەدام حسێن هێرشی كردە سەر ولاَتە عەرەبییەكانی كەنداو، ڕایگەیاند ((ئێوە نەوت زۆر بەرهەم دەهێنن و هەناردەی دەكەن، بەمە بوونەتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت، ئێوە بەم كارە شەڕێكی ئابووریی تەواو دژ بە ولاَتەكەم دەكەن)) پاشان لە (١٧ / تەموزی / ١٩٩٠) سەدام حسێن گوتارێكی لە بەغدا پێشكەش كرد، ڕایگەیاند "بەشێك لە دەسەلاَتدارانی كەنداو لەگەڵ دەوڵەتانی ئیستعماری جەنگی ئابووریی لەگەڵ عێراق دەكەن، دەیانەوێت بە دابەزینی نرخی نەوت ئابووریی عێراق داروخێنن و هەڕەشەی تۆڵەكردنەوی لێ كردن"[١]، عێراق گەیشتە ئەو ئەنجامەی، كە ئەوە پیلانی دەوڵەتانی عەرەبە بۆ لێدان و لاوازكردنی عێراق و لێدانی ئەو ئامانجەی، كە هەوڵی بەدیهێنانی دەدا بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین هێزی ناوچەكە، لەبەرئەوە هەوڵی داگیركردنی كوێتیدا[٢]، بە داگیركردنی عێراق دەبوو بە خاوەنی (٢٥ ٪) نەوتی جیهان، ئەمەش عێراقی دەكردە دەوڵەتێك، كە سەنگ و قورسایی زۆری لە جیهان و كاریگەری لە سیاسەتی نرخی نەوت و بازرگانی جیهانیدا هەبێت، لە لایەكی دیكە قەرزەكانی لەسەر نەدەما، لەگەڵ ئەوەش دەیتوانێ دەست بەسەر سەرمایە و پارەكانی كوێت لە دەرەوەدا بگرێت، كە نزیكەی (١٢٠) ملیار دۆلار بوو، هەروەها بیانگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، وەك دەستكەوتی جەنگ عێراق هەڵی بگرێت، لەم ڕێگەیەشەوە فشار لەسەر ئابووریی ڕۆژئاوا دروست بكات[٣].

**سێیەم : هۆكاری سیاسی:**

خراپی بارودۆخی ئابووریی عێراق ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر بارودۆخی سیاسی هەبوو، بە تایبەتی سیستەمی سیاسی لە عێراق سیستەمی فاشی بووە، كە نەیتوانی بە شێوەیەكی دروست مامەڵە لەگەڵ كێشەكانی ئابووریی و كێشەكانی دیكەی ولاَتدا بكات، هەروەها لە ڕووی نێودەوڵەتی سەرەتای ڕووخانی یەكێتیی سۆڤیەت و شۆڕشی دیموكراتی لە ئەوروپای ڕۆژهەلاَت و سەرەتای تاك جەمسەری و دەركەوتنی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا بوو، وەك تاكە ولاَتی زلهێز كە كاریگەریی بەسەر بڕیارە جیهانیەكاندا هەبێت، بە تایبەتی ئەوكاتە ویلایەتە یكگرتووەكانی ئەمەریكا زۆر بایەخی بە ئەوروپای ڕۆژهەلاَت دەدا، كەمتر گرنگیی بە ناوچەكانی

---

[٤] ڕێكخراوی ئۆپێك ڕێكخراوێكی نێونەتەوەیی نەوتیە لە (١٤ / ئەیلولی / ١٩٦٠) لە بەغدای پایتەختی عێراق لایەن ولاَتانی (ئێران، فەنزوێلا، سعودیە ، عێراق، كوێت) دامەزرا بە ئامانجی سنووردارکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : سالم بوغرارة، السياسة التسعيرية لمنظمة الأوبك وانعكاسها على سوق النفط العالمي خلال الفترة من (٢٠٠٠ - ٢٠١١)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠١٣.

[٥] حبيب الرحمن، حرب تحرير الكويت جزورها و مقوماتها، ط (٢)، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ٢٠٠١، ص ٣٦٣.

[٦] Rieger, R., The Foreign Policy of the Arab Gulf Monarchies from ١٩٧١ to ١٩٩٠, PhD thesis submitted to the University of Exeter, ٢٠١٣, p ٢٥١ – ٢٥٢.

[١] جمال كمال، الاخطاء القاتلة، مؤسسة الاهرام للنشر و التوزيع، قاهرة، ١٩٩٨، ص ٣٩ — ٤٠.

[٢] احمد كمال شعت، العراق المغبون و تداعيات حرب الخليج، مكتبة مدبواى، بدون مكان و وزمان الطبع، ص ٢١ — ٢٣.

[٣] بيار سالينجر و أريك لوران، حرب الخليج، ط (١١)، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ١٩٩٣، ص ١٠٩ — ١١٢.

دیکەی جیهان دەدا، سەرباری ئەمە پاش کۆتایهاتنی جەنگی عێراق و ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق گەشە پێدا، وەك هێزێکی کاریگەریی ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، ئەمەش لە گفتوگۆ و پەیوەندی و ئەو سەردانانەی لە نێوان هەردوولادا ئەنجام دراون دەردەکەوێت، ئەم هۆکارانە وای لە سەدام حسێن کرد، کە خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ ڕووداوەکانی ناوچەکە بکات، بە جۆرێك گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە هۆی سەرقاڵبوونی بە کێشەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ناتوانێت بپرژێتە سەر کێشەکانی ناوچەی کەنداو، ئەمەشیان وەك ئاماژەیەك خوێندەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەزامەندە لەسەر بڕیار و هەنگاوەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ کوێت، بەمەرجێك بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا پارێزراوبێت[١].

کەسایەتی سەدام حسێن بە جۆرێك بوو، کە باوەڕی بە توندوتیژی بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و خۆی بە نەوەی ئیمپڕاتۆرە کۆنەکانی، وەك بابلی دادەنا، سەرباری باوەڕبوونی بەوەی، کە سەرکردەی باڵای عەرەبە و هەر ئەو دەتوانێ عەرەب بپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندێشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورە و بەهێزی عەرەبی هەبوو، کە خۆی سەرکردایەتی بکات، ئەمانە ئەو باوەڕەیان لای سەدام حسێن دروستکرد، کە ئەو کەسی یەکەمی عەرەبە، نابێ بڕیارەکانی ڕەتبکرێنەوە، بەپێچەوانەوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، گەیشتن بە ئامانجەکەی لە کوێت پێویستە پەنا ببرێت بۆ توندوتیژی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی[٢]، ئەمە لەکاتێکدا عێراق لە ساڵی (١٩٦٧) سوپای عێراق ڕێژەی لە (٩٦, ٠٪) دانیشتوانی عێراقی پێکدەهێنا، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٨) سوپای عێراق ڕێژەی لە (٥ ,٥٪) دانیشتوانی عێراقی پێکدەهێنا، سەرباری دەزگاکانی دیکەی وەك پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری، کە لە ساڵی (١٩٩٠) ڕێژەی (٢٥٪) دانیشتوانی عێراق لەم دەزگایانە کاری دەکرد[٣].

دەسەڵاتدارانی عێراق پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت، کە مەترسی سیاسەتەکانی کوێت هەیە و بەهاوکاری ڕۆژئاوا هەوڵی شکستی ئابووریی عێراق دەدەن. لەگەڵ ئەوەش عێراق درکی بەوەکرد بوو، کە ژینگەی ناوخۆی کوێت لەبارە بۆ ئەم هێرشە، ئەوە سەرباری درککردنی عێراق بە ژینگەی هەرێمایەتی، کە لەبارە بۆ ئەم هێرشە، چونکە ئێران وڵاتێك بوو جەنگ کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر دانابوو، بارودۆخی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیی خراپ بوو، پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوێت خراپ بوو، بەهەمان شێوە عێراق درکی بەوە کرد بوو، کە بەرژەوەندیی تورکیا لەوە دایە لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت بێ لایەن بێ، چونکە ئەم دوو وڵاتە هاوسنوورن، پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کلتورییان هەیە، لەبارەی وڵاتانی عەرەبیش عێراق درکی بەوە کرد بوو، کە دەتوانێ بەهۆی بانگەشەی دادگەری کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی دروشمە نەتەوەییەکان و بانگەشەکانی لەبارەی نەوتی عەربە بۆ عەرەب و دووبارە دابەشکردنەوەی سامانی ناوچەکە، بەهۆی لاوازی و فشەڵی سیستەمی سیاسی و سەربازیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی عەرەب، هەروەها لاوازی

---

[١] تركي الحمد، المصدر السابق، ص ١٠٢ – ١٠٥.

[٢]Keeble, R., The Gulf war myth, A study of the press coverage of the ١٩٩١ Gulf conflict, (Unpublished Doctoral thesis), Submitted to City University London, ١٩٩٦,p ٩٩ – ١٠٠.

[٣] محمد قجالي، حرب الخليج الثانية بين أحكام القانون الدولي و تداعيات النظام الدولي الجديد، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة، ٢٠٠٨، ص ٢٧.

کۆمکاری ولأتانی عەرەبی و ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عەرەب، دەتوانێت هەڵوێستی عەرەبی بۆلای خۆی ڕابکێشێت[1].

عێراق بۆ داگیرکردنی کوێت دەستیکرد بە دانانی پیلانی هێرشکردن، بەجۆرێك شەش مانگ پێش هێرشەکە شاندێکی عێراق لە ژێر ناوی (دۆستایەتی) چوو بۆ کوێت، ئەم شاندە سەردانی گشت شوێنە گرنگ و ستراتیجییەکانی کوێتیان کرد، وێنەی گشت ئەو شوێنانەی گرت، لە ڕێگەی ئەو شاندەوە عێراق گشت توانا و ئیمکانیەتی کوێتی بۆ دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەش دوومانگ پێش هێرشەکە بۆ ئەوەی سۆزی شەقامی عەرەبی و دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بەڵێنیدا، کە دەوڵەتی ئیسرائیلی بە چەکی کیمیاوی بسوتێنیٚ[2]، جگە لەوە بۆ ئەوەی چاوی ولأتان لەسەر ئامادەکارییەکانی عێراق نەبێت، نەبنە کۆسپ لەبەردەم پیلانەکانی، عێراق لە هەوڵە دیبلۆماسییەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ کوێت بەردەوام بوو، لە (٢٤ / تموزی / ١٩٩٠) سەدام حسێن لە بەغدا پێشوازی لە حوسنی موبارەك سەرۆك کۆماری میسرکرد، لە کۆبوونەوەی نێوانیاندا سەدام حسێن بەڵێنیدا، کە هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەکارنەهێنێت، تا هەوڵەکانی ئەو بە ئاکامێك دەگات، لە لایەکی دیکە سەدام حسێن بۆ دڵنیابوونەوە لە کاردانەوەی ئەمەریکا، ئەگەر عێراق کوێت داگیربکات، لە بەغدا چاوی کەوت بە باڵوێزی ئەمریکی (ئەیپرك گلاسپی)، لەم چاوپێکەوتنەدا سەدام حسێن سکاڵای لەدژی کوێت و ئەمەریکا کرد، کە هەوڵی شکستپێهێنانی عێراق دەدەن، بەڵام باڵوێزی ئەمەریکا ڕایگەیاند، کە ناکۆکی نێوان عێراق و کوێت کاری ئەوان نییە، ئەمەریکا لە کاروباری ناوخۆی ولأتانی عەرەبی هەڵناقورتێنێت، ئێوە هەرچی دەکەن گرفت نییە، ئەمەش ئاماژایەکی بەهەڵە تێگەیشتن بوو لە لایەن سەدام حسێن، کە ئەمەریکا لەم مەسەلەیە بێلایەن دەبێت[3].

لە (٣١ / تەموزی / ١٩٩٠) لە سەعات شەشی ئێوارە لە شاری جەدەی سعودیە بە نێوەندگیری دەسەڵاتدارانی سعودیە کۆبوونەوە لە نێوان شاندی عێراق بە سەرۆکایەتی جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و کەسی دووەمی حیزبی بەعس (عیزەت ئیبراهیم ئەلدوری)، بە ئەندامیەتی جێگری سەرۆك وەزیران (سعدون حمادی) و (عەلی حەسەن مەجید)، شاندی کوێتی بە سەرۆکایەتی جێگری ئەمیر و سەرۆك وەزیران (شیخ سعد)، بە ئەندامیەتی وەزیری دەرەوە و وەزیری داد ئەنجام درا، لەم کۆبوونەوەیەدا عێراق داوای (١٠) ملیار دۆلار، سڕینەوەی قەرزەکانی، پێدانی هەردوو دوورگە (وربە و بوبیان)، قەرەبوو کردنەوەی نەوتی دزراوی ڕومێلەی کرد، بەڵام کوێت ئەم داواکارییانەی ڕەتکردەوە، کۆبوونەوەکە بە ترساندنی یەکتری، بەبێ ئەنجام کۆتایی هات، شاندی عێراق گەڕایەوە بۆ بەغدا، لە کاتژمێر (١٠) شەوی (١ / ئابی / ١٩٩٠) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمایەتی لە بەغدا کۆبوونەوە، بۆ گوێگرتن لە ڕاپۆرتی شاندی عێراق لە کۆبوونەوەی جەدە، شاندەکە ڕایگەیاند کوێت داواکارییەکانی عێراقی ڕەتکردووتەوە، بۆیە کۆبونەوە و گفتوگۆی زیاتر هیچ بڕیارێکی جیاوازی لێناکەوێتەوە، سەرئەنجام لە (٢ / ئابی / ١٩٩٠) هێزەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر کوێت و

[1] عبد الناصر محمد سرور، المصدر السابق، ص ١٠٤ - ١٠٧.

[2] عبدالله حمد محارب، وثائق لاتموت، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ٢٠٠٠، ص ١٤٣ — ١٤٤.

[3] بيار سالينجر و أريك لوران، المصدر السابق، ص ٦٤ — ٨٩.

داگیریان کرد[١]، لەگەڵ ئەوەی عێراق توانی کوێت داگیر بکات، بەڵام نەیتوانی کێشەکانی خۆی چارەسەربکات بەڵکو ئەو کێشانە زۆر زیاتر بوون.

**باسی دووەم : ڕووداوەکانی جەنگ و هەڵوێستی هەرێمی و نێودەوڵەتی**

حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرش، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێز لە سەر سنووری کوێت، ئەم هێزەش بریتی بوو لە فەیلەقی (٨)ی گاردی کۆماری، کە پێکهاتبوو لە فیرقەی (٢٣) زرێپۆش (حامورابی)، فیرقەی (٢١) زرێپۆش (مدینەی منەورە)، فیرقەی (٩) هێزی ئامێرەکان (توکلنا علی الله)، لیوای (٩٥) پەرەشوت، لیوای (٢٦) هێزی دەریایی، فەوجی (ئیستتلاع)، هەردوو کەتیبەی (٦٥ و ٦٨) کۆماندۆ و (٦) لیوای تۆپخانەی مەیدانی سەرکردایەتی گشتی، جگە لە هێزی یەدەگ، کە پێکهاتبوو لە فیرقەی زرێپۆش لە فەیلەقی حەوت، فیرقەی هێزی ئامێرەکان لە فەیلەقی حەوت، (٢) لیوای تۆپخانەی مەیدانی سەرکردایەتی گشتی، لیوای کۆماندۆی هێزی تایبەت، بە شێوەیەکی گشتی هێزەکان پێکهاتبوون لە (٥) فیرقە، کە (٨٨) هەزار سەرباز و (٦٩٠) تانك و (١٠٠٠) زرێپۆش و (٥٥٦) تۆپ و (٧٥) موشەك و (٢٤٠) فڕۆکەی سەربازی و (٥٦) بەلەم و کەشتی سەربازی و زیاتر (٥٥٠) هەزار سەرباز، کە لە لایەن فەریقی یەکەم (نزار عبدولکەریم خەزرجی) سەرۆك ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، فەریق (ئەیاد فلیع خلیفە) سەرۆکی هێزەکانی گاردی کۆماری، بەڕێوەبردن و داگیرکردنی کوێتیان لە ئەستۆدابوو، ئەم هێزە ئامانجی هێرشکردن بوو بۆ شوێنە ستراتیجییەکانی و دەستگیرکردنی میری کوێت و ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا و داگیرکردنی کۆشکی میری کوێت و بارەگاکانی حکومەت، پاشان گەیشتن و داگیرکردنی سنووری نێودەوڵەتی نێوان (کوێت – سعودیە) بوو، ئەوە لە کاتێکدا ژمارەی سوپای کوێت (٢٠) هەزار سەرباز بوو، جگە لە پاسەوانەکانی میری کوێت بەجۆرێك: هێزی وشکانی ژمارەیان (١٦) هەزار سەرباز بوو، هێزی دەریایی ژمارەیان (٢) هەزار سەرباز بوو، هێزی ئاسمانی ژمارەیان (٢) هەزار سەرباز بوو، پاسەوانەکانی میری کوێت ژمارەیان (٧) هەزار پاسەوان بوو، ئەم هێزە پڕچەك کرابوو بە پێشکەوتوترین جۆرەکانی چەك، خاوەنی (٢٤٥) تانك، (٧٢) زرێپۆش، (٥٢) فڕۆکەی سەربازی، (٢٠) بەلەم و کەشتی سەربازی بوو[٢].

لە سەعات (٢٤) ڕێکەوتی (١ / ئابی / ١٩٩٠) هێزەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر کوێت، توانیان بە ئاسانی بچنە ئەم وڵاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەی و بەهێزی سوپای عێراق، لەگەڵ ئەوەش خاکی نێوان کوێت و عێراق تەختە، هیچ کێشەیەکی سروشتی نییە، سەرباری ئەوە هیچ دارستانێکی وای لێ نییە، کە ڕێگری بکات لە هاتوچۆ، سەرئەنجام سوپای عێراق توانی لە (٣ / ئابی / ١٩٩٠) تەواوی کوێت داگیر بکات، دەسەڵاتدارانی کوێتیش پەنایان برد بۆ وڵاتی سعودیە، لەوێدا حکومەتی کوێتیان ڕاگەیاند[١].

لە بەرەبەیانی (٢ / ئابی / ١٩٩٠) یەکەم بەیانی سەربازی عێراقی لە ڕێگەی ڕادیۆی بەغدا بڵاوکرایەوە، لەم بەیانەدا ڕاگەیەندرا، کە ئەوەی لە کوێت ڕوودەدات شۆڕشی سەربازییە لە دژی بنەماڵەی فەرمانڕەوا، لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕشەکە عێراق یارمەتی و هاوکاری پێویست پێشکەش بە شۆڕشگێران دەکات، لە هەمان ڕۆژ دەسەڵاتدارانی عێراق حکومەتی کاتی کوێتیان ڕاگەیاند، لە (٢ / ئابی / ١٩٩٠) یەکەم بەیاننامەی حکومەتی کاتی

---

[١]Khadduri, M. and Ghareeb, E., op. cit., p ١١٤ – ١١٧.

[٢] خالد بن سلطان بن عبدالعزیز، مقاتل من الصحراء، دار الساقي للطباعة و النشر، ١٩٩٧، ص ١٤٤ – ١٤٧.

[١] عبدالله حمد محارب، المصدر السابق، ص ١٤٥ – ١٤٦.

کوێت لە ڕادیۆی بەغدا بلاوکرایەوە، کە تێیدا ڕزگاربوونی کوێت لە بنەماڵەی خۆسەپێن، بەکرێگیراو، دەستگرتن بەسەر گشت ماڵ و سامانی میری کوێت و بنەماڵەکەی لە ناوەوە و دەرەوەی کوێت ڕاگەیاند، کە سامانی کوێتیان بە تالان بردووە، کاریان لە پێناو ئامانجەکانی دەوڵەتانی ئیستعمار، دەوڵەتی جولەکە کردووە، بونەتە هۆی لاوازی قەوارەی عەرەبی، لە (٤ / ئابی / ١٩٩٠) حکومەتی کاتی پێکهێنانی حکومەتی بە سەرۆکایەتی عەقید (علاءالدین حسین علی) ڕاگەیاند[٢].

لە (٨ / ئابی / ١٩٩٠) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری لکاندنی کوێت بە عێراقەوەدا بە جۆرێك ((بەش و لق کە کوێتە بگەڕێنێتەوە بۆ گشت و ڕەگ کە عێراقە، لە یەکگرتنەوەیەکی هەمەلایەنەی لە یەك جیانەبوونەوەی هەتاهەتایدا))[٣]، پاشان لە (٢٨ / ئابی / ١٩٩٠) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کوێتی کردە پارێزگای ژمارە (١٩) لە عێراق، کە لە قەزاکانی (کازمیە و جەهرا و نەدا) پێکدەهات و (علی حسن مجید) بووە پارێزگار[٤]، پاشان حکومەتی عێراق دەستی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزنامەی کوێتی، پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بە هاوولاتیانی کوێت، هەروەها بڕیاریاندا بە گۆڕینی ژمارەی ئۆتۆمبیلی هاوولاتیانی کوێت بە ژمارەی ئۆتۆمبیلی عێراق، هەڵوەشاندنەوە و لابردنی دراوی کوێتی، بەکارهێنانی دراوی عێراقی لە جێگای وەك دراوی سەرتاسەری لە عێراق، سەرباری بڕیاردان بە گۆڕینی دیمۆگرافیای کوێت و نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆری عێراقی و دامەزراندی فەرمانبەرانی عێراقی لە دام و دەزگاکانی کوێت، گۆڕینی ناوی شەقام و شوێنە گشتییەکان بە ناوی عێراقی[١]، کارەکانی حکومەت و هێزە سەربازییەکانی عێراق هەر بە دەرکردنی ئەم بڕیارانە نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ ئەم بڕیارانە کاری تالانکاری، خراپەکاری سەری هەڵدا، بە شێوەیەکی فەرمی و بە بڕیاری سەرۆکایەتی کۆمار زۆربەی کەلوپەل و ئامێرە قورسەکان گواسترانەوە بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق[٢]، سەرباری چاندنی نزیکەی (١٦٤٦٥١٤) مینی جۆراوجۆر[٣]، ئاگرتێبەردانی (٧٢٧) بیری نەوت[٤]، لە (٩ / ئەیلولی / ١٩٩٠) سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە کوێت بڕیاردرا بە گرتن و کوشتنی ئەو کوێتیانەی دژی سوپای

---

[٢] خالد بن سلطان بن عبدالعزیز، المصدر السابق، ص ١٩٠ – ٢٠٢.

[٣] قرار مجلس قیادة الثورة، رقم (٣١٣)، عادة الجزء و الفرع (الكويت) الى الكل و الاصل (العراق) بوحدة اندماجية كاملة ابدية، الوقائع العراقية رقم (٣٢٢٠)، في تاريخ (١٣ / ٨ / ١٩٩٠). دەربارەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەبارەت بە گەڕاندنەوە و لکاندنی کوێت بە عێراقەوە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٢).

[٤] بيان رقم (٥٨٥٣) ، صادر عن وزارة العدل حول تشكيلات قضائية في محافظة الكويت، الوقائع العراقية رقم (٣٣٢٥)، في تاريخ (١٧ / ٩ / ١٩٩٠).

[١] عبدالله حمد محارب، المصدر السابق، ص ٢١٦ – ٢١٩.

[٢] دەربارەی پێکهێنانی لیژنەیەکی ناوەندی لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و ئامێرە قورسەکان بۆ عێراق بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٣).

[٣] مجموعة من المختصين، الألغام الأرضية و تدمير البيئة الكويتية إحدى جرائم العدوان العراقي، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، كويت، ١٩٩٨، ص ٢٥ – ٢٨.

[٤] مجموعة من المتخصين، تدمير ابار النفط في الوثائق العراقية، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ١٩٩٥، ص ٢٥ – ٢٧. دەباری تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکانی کوێت بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤).

عێراقن، لەگەڵ ئەم کارانەش دەستیانکرد بە وێرانکردنی فرۆکەخانە، ڕادیو، تەلەفزیۆن، وێستگەکانی پەیوەندیکردن و کارەبا و ئاو، نەخۆشخانە، قوتابخانە و زانکۆیەکانی کوێت[٥].

داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای عێراق کاردانەوەی جیاوازیی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی بە دوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێك:

**یەکەم: هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب:**

١ – ئەو وڵاتە عەرەبییانەی بەشداربوون لە ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو، کە پێکدێن لە وڵاتانی (سعودیە، ئیمارات، قەتەر، عەمان، بەحرەین)، ئەم وڵاتانە دژی داگیرکردن کوێت بوون، چونکە دەرکردنی بنەماڵەی حوکمڕانی کوێت هەڕەشەیەك و مەترسییەکی گەورە بوو بۆ ڕەوایەتی بنەماڵە حکومڕانەکانی کەنداو، لەگەڵ ئەوەش دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانی کوێت، عێراق هەر نەوەك دەکەوتە کێبڕکێ لەگەڵ ئەم وڵاتانە و ڕۆڵ و پێگەی عێراق لە ناوچەکە بەرز دەبووەوە، بەڵکو دەکەوتە کێبڕکێ لەگەڵ پێگەی سعودیەش وەك جێبەجێکارێکی سەرەکی و بەرهەمهێنێکی سەرەکی ڕێکخراوی ئۆپێك ئەمەش دەسەلاتێکی سیاسی و سەربازیی و ئابووریی بە عێراق دەبەخشی بەسەر کەنداودا، ئەم وڵاتانە بە چەندین شێوە هەڵوێستیان دەربڕی بە جۆرێك لە (٣ / ئابی / ١٩٩٠) هەڵوێستی فەرمیان لە کاتی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی لە قاهیرە ڕاگەیاند، کە دژی داگیرکردنی کوێتن، داوایانکرد عێراق هێزەکانی لە خاکی کوێت بکشێنێتەوە، هەروەها داوای هەڵوێستێکی یەکگرتووی عەرەبییان لە دژی ئەم کارەکرد، سەرباری داواکردن بۆ گەڕانەوەی بنەماڵەی دەسەلاتدار بۆ حوکم، لەگەڵ ئەوەش پەیوەندییان کرد بە ئەمەریکا بۆ ئەوەی چەك و کەلوپەلی سەربازییان پێ بدات، بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای عێراق، کە لەسەر سنووری سعودیە هەست بە جوڵەیان دەکرا، لە (١ / ئەیلولی / ١٩٩٠) هەریەکە لە سعودیە و ئیمارات دەستیانکرد بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بڕەی لە ئەنجامی وەستانی بەرهەمهێنانی نەوتی کوێت دروست بووە، لە (٢٢ / ئەیلولی / ١٩٩٠) حکومەتی سعودیە بڕیاردا بە دەرکردنی گشت نوێنەر و ئەندامانی نوێنەرایەتی عێراق لەخاکی سعودیە، هەڵوێستی ئەمانە هەر بە هەڵوێستی سیاسی نەوەستا، بەڵکو لە ڕووی سەربازییەوە بەشدارییان کرد لە هێزی هاوپەیمانان بۆ دەرکردنی سوپای عێراق لە خاکی کوێت، بۆ ئەو مەبەستەش سعودیە ڕەزامەندیی دەربڕی بە کردنەوەی بنکەی سەربازیی وڵاتانی هاوپەیمان لە خاکەکەی و سەرجەم ئاسانکارییەکی بۆئەنجامدان، سەرباری گرتنە ئەستۆی بەشێکی زۆری خەرجی ئەم جەنگە لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو[٦].

٢ – هەڵوێستی میسر و سوریا و مەغریب: ئەم وڵاتانە دژی داگیرکرنی کوێت بوون، میسر باوەڕی وابوو، کە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت غەدرێکی سیاسی و سەربازییە، کە عێراق لە خۆی و کوێتی دەکات و هۆکارێکی خراپە بۆ ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی، لەبەرئەوە بڕیاری ناردنی هێز بۆ سعودیە، هاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەشداریکردن لە گەمارۆی ئابووریی سەر عێراقدا، ئەم هەڵوێستەی میسر لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی داواکانی میسر بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکە و تێکچوونی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە و زۆری زیانەکانی

[٥] حسين عيسى مال الله، مجرمو الحرب العراقيون و جرائمهم خلال الاحتلال العراقي للكويت، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ٢٠٠٥، ص ٨٧ – ٩٢.

[٦] محمد الرميحي، ردود الفعل العربية على غزو وحرب تحرير الكويت، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥)، في مارس ١٩٩٥، ص ٤٢٠ – ٤٢٢

بۆسەر ئابووریی میسر بوو، هەرچی هەڵوێستی سوریا بوو لە ژێرکاریگەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریادابوو، چونکە ئەم دوو وڵاتە ناکۆکییەکی بەهێزیان هەبوو، لەگەڵ ئەمەش سوریا لەوباوەڕە دابوو، کە داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراق دەبووە هۆی دەسکەوتنی سەروەت و سامانێکی زۆر، ئەمەش دژی هاوسەنگی هێزبوو لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە دژی ئەم هێرشەی عێراق بوو بۆ سەر کوێت، بەڵام بەهۆی بوونی هێزەکانی سوریا لە لوبنان و داگیرکردنی بەشێك لە خاکەکەی لە لایەن ئیسرائیل و خراپی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بوونە هۆکارێك، کە سوریا لە ڕووی سەربازییەوە ڕۆڵ و کاریگەریی لە چاو ولاتانی دیکە کەمتربێ، بەڵام هەڵوێستی مەغریب لە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە دۆستانەکەی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداودا بوو، تەنانەت لە کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت (١٢٠٠) سەربازی نارد بۆ سعودیە، لەگەڵ ئەمەش مەغریب بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان عێراق و کوێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە و چەندین جار داوای لە عێراق کرد، هێزە سەربازییەکانی لە کوێت بکشێنێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانەی مەغریب بێ ئەنجام بوو[٢].

٣ –ئەو وڵاتە عەرەبییانەی، هێرشی عێراقیان بۆ سەر کوێت و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانانیان بۆ ناوچەکە ڕەتدەکردەوە، ئەم وڵاتانەش بریتین لە (جەزائیر، تونس، لیبیا)، بە تایبەتی لیبیا هەوڵی دەدا ئاڕاستەیەکی یەکگرتووی عەرەب دروست بێت، بۆ ڕەتکردنەوەی هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتانی عەرەبی بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لە (٢١ / ئابی / ١٩٩٠) سەرۆکی لیبیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئیدانەی هێرشی عێراقی کرد بۆ سەر کوێت، ڕایگەیاند ئەو کارەی عێراق دژی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییە، لەگەڵ ئەوەش ڕایگەیاند، کە دژی هاتنی هێزەکانی ئەمەریکایە بۆ ناوچەکە، هەرچی هەڵوێستی تونسە ئەوە خۆی دەبینییەوە لە هەڵوێستێکی مامناوەند، بەڵام شەقامی تونسی پشتگیری کوێتیان دەکرد، هەرچی هەڵوێستی جەزائیرە ئەوە بەهەمان شێوە حکومەت هەلوێستێکی مامناوەندی گرتبووە بەر، بەڵام لەسەر ئاستی شەقام پشتگیری حکومەتی کوێت و سعودیە دەکرا، بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی ئەم سێ وڵاتە هەڵوێستێکی مامناوەندیان هەبووە لە ناو وڵاتانی عەرەبی[١].

٤ – ئەو وڵاتە عەرەبییانەی پشتگیری عێراقیان دەکرد پێکهاتبوون لە (سودان، ئوردن، یەمەن، ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی)، ئەم کۆمەڵەیە بە هۆی بەرژەوندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ عێراق و زۆری کێشەی ناوخۆییان و خراپی بارودۆخی ئابوورییان و بەرزی نرخی نەوت و خراپی پەوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پشتگیری عێراق بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی ئەم وڵاتانە کەوتنە ئەنجامدانی چالاکی سیاسی و چەندین پرۆژەیان بۆ چارەسەرکردن پێشکەشکرد، لەگەڵ ئەمەش هەستان بە جوڵاندنی خەڵکی ئەم وڵاتانە لەدژی هاتنی هاوپەیمانان بۆ ناوچەکە و داوای چارەسەکردنی کێشەکانیان دەکرد بە شێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە دەست خستنە ناوی وڵاتانی دەرەوە، بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی جیاوازی هەڵوێستی عەرەبی بووە هۆی دابەشبوونی وڵاتانی عەرەب و سووربونی عێراق لەسەر نەکشانەوە لە خاکی کوێت، کە ئەمەش ئەوەی سەلماند ئەم وڵاتانە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نییە جگە لە دابەشبوونیان بەسەر وڵاتانی زلهێزی جیهان و یەکلای کردنەوەی کێشەکانیان بە شێوەیەکی سەربازی[٢].

---

[٢] المصدر نفسه، ص ٤٢٢ – ٤٢٤.

[١] محمد الرميحي، أصداء حرب الكويت، دار السياقي، بيروت، ١٩٩٤، ص ٨٨ – ٩٣.

[٢] المصدر نفسه، ص ٤٣ – ٧٩.

**دووەم: هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان: کە خۆی دەبینیەوە لە دەرکردنی (١٢) بڕیار:**

١ – **بڕیارەکانی تایبەت بە داگیرکردن و بنچینەکانی چارەسەری کێشەکە:** ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت بڕیاری ژمارە (٦٦٠) ی لە (٢ / ئابی / ١٩٩٠) دەرکرد، بڕیارەکە هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت بە کارێکی داگیرکاری و مەترسی بۆسەر یاسا نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی جیهان لەقەڵەمدا، داوای لەعێراق کرد هێزەکانی لە کوێت بکشێنێتەوە، پاشان ئەنجوومەنی ئاسایش لە (٩ / ئابی / ١٩٩٠) بڕیاری ژمارە (٦٦٢) دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە گرێدانی کوێت بە عێراق و کردنی بە پارێزگای ژمارە (١٩) ی ڕەتکردەوە[١].

٢ –**بڕیارەکانی تایبەت بە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی:** بۆ ئیدانەکردنی ئەم کارەی عێراق و خستنە ئەستۆی بەرپرسیارەتی تەواوی ئەم کارە بۆ سەر عێراق، ئەنجوومەنی ئاسایش کۆمەڵە بڕیارێکی دەرکرد، وەك : بڕیاری ژمارە (٦٦٤) لە (١٨ / ئابی / ١٩٩٠)، کە داوا لە عێراق دەکات دەستبەجێ لە کوێت پاشەکشە بکات. بڕیاری ژمارە (٦٦٧) لە (١٦ / ئەیلولی / ١٩٩٠)، کە ئیدانەی عێراقی کرد بۆ ئەو کارانەی کردوویەتی لە بەرانبەر نێردە و ئەندامانی نێردە دیبلۆماسییەکان، داوای کرد دەستبەجێ ئەو کەسانە ئازاد بکرێن، کە گیراون، هەروەها بڕیاری ژمارە (٦٧٤) لە (٢٩ / تشرینی یەکەمی / ١٩٩٠)، ئیدانەی ئەو کارانەی دەکرد، کە دەسەڵاتدارانی عێراق لە کوێت ئەنجامیان دەدا، عێراق بەرپرسیارە بەرانبەر ئەو زەرە و زیانانەی لەئەنجامی ئەم داگیرکارەییە دەکەوێتەوە، لەگەڵ بڕیاری ژمارە (٦٧٧) لە (٢٨ / تشرینی دووەمی / ١٩٩٠) تایبەت بە ڕەتکردنەوەی گشت ئەو کارانەی عێراق ئەنجامی داوە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتوان لە کوێت[٢].

٣ –**بڕیارەکانی تایبەت بە سزادان:** بە مەبەستی هێنانەدی و دروستکردنی فشار لەسەر عێراق بۆ ئەوەی ناچاری بکەن بە پاشەکشەکردنی لە کوێت، ئەنجوومەنی ئاسایش کۆمەڵە بڕیارێکی دەرکرد، وەك: بڕیاری ژمارە (٦٦١) لە (٦ / ئابی / ١٩٩٠)، کە تێیدا بڕیاریدا بە بڕینی سەرجەم پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانی و سەربازییەکانی لەگەڵ عێراق، هەروەها بڕیاری ژمارە (٦٦٥) لە (٢٥ / ئابی / ١٩٩٠) تایبەت بە بەکارهێنانی هێز بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری بڕینی پەیوەندی لەگەڵ عێراق، لەگەڵ بڕیاری ژمارە (٦٦٦) لە (١٣ / ئەیلولی / ١٩٩٠)، بڕیاریدا بە چوونی ئەو بارهەڵگرانەی، کە لە کەلوپەل و خواردنیان هەڵگرتووە بۆ ناوچەی گەمارۆدراو بەومەرجەی لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوی مانگی سوور دابێ، سەرباری بڕیاری ژمارە (٦٦٩) لە (٢٤ / ئەیلولی / ١٩٩٠)، تایبەت بە ڕاسپاردنی لیژنەی سازادان بە جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ پچڕاندنی پەیوەندی و گەمارۆ خستنە سەر عێراق، جگە لە بڕیاری ژمارە (٦٧٠) لە (٢٥ / ئەیلولی / ١٩٩٠)، بڕیاریدا بە سەپاندنی گەمارۆی ئاسمانی و دەست بەسەرداگرتنی کەشتییەکانی عێراق، سەرەڕای بڕیاری ژمارە (٦٧٨) لە (٢٩ / تشرینی دووەمی / ١٩٩٠)، بە ڕێگەپێدانی ئەو دەوڵەتانەی هاوکاری حکومەتی کوێتن بە

---

[١] Resolution ٦٦٠: Iraq-Kuwait (of ٢ August ١٩٩٠), daccess-dds ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٧٥/١٠/IMG/NR٠٥٧٥١٠.pdf, (Accessed on ١٥/١/٢٠١٦); Resolution ٦٦٢: Iraq-Kuwait (of ٩ August ١٩٩٠), daccess-dds-ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٧٥/١٢/IMG/NR٠٥٧٥١٢.pdf, (Accessed on ١٥/١/٢٠١٦).

[٢] Security Council Resolutions related to the Second Gulf War (١٩٩٠), www.un.org/Docs/scres/١٩٩٠/scres٩٠.htm, (Accessed on ١٥ / ١ / ٢٠١٦).

بەکارهێنانی سەرجەم هۆکارە پێویستەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مەبەستی ڕزگارکردنی کوێت و سزادانی عێراق و گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە[١].

هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت هەر پەیوەست نەبوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو کۆمەڵە ڕێکخراوی دیکە هەبوون، کە ئەم کێشەیە کاریگەریی تێکرد بوون لە ڕووی بەرهەمهێنان و بەرز بوونەوەی نرخی نەوت، داهاتووی نێردە دیبلۆماسییەکان و نوێنەرایەتییەکان و ژیانی بیانییەکان لە عێراق و کوێت، ئەنجامەکانی گەمارۆدانی عێراق لە ڕووی ئابووریی و سەربازیی،.... هتد. ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانە یەك هەڵوێست بوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گەمارۆی ئابووریی سەر عێراق، ئیدانەکردنی هێرشەکە، پاشەکشەی هێزەکانی عێراق لە کوێت، ئەم کۆمەڵانەش بریتیی بوون لە (کۆمەڵەی دەوڵەتانی بێ لایەن) و (کۆمەڵەی دەوڵەتانی ئەمریکی) و (هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی)[٢].

سێیەم: هەڵوێستی وڵاتانی (تورکیا، ئێران، ئیسرائیل):

١ - تورکیا: دروستبوونی کێشەی کوێت هەلێکی گەورە بوو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتر لەناوچەکەدا بگێڕێت، شوێنێکی گرنگی لە نەخشەی تازەی جیهاندا هەبێ، سەرباری ئەوەش تورکیا نەیدەویست عێراقێکی بەهێز لە ناوچەکە دروست ببێ، ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی تورکیا بەمەش ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکە پاشەکشە بکات. سەرباری ئەوە تورکیا دەیوست عێراق لە بواری سەربازی شکست بهێنێ بۆ ئەوەی تورکیا ئامانجە لە مێژینەکەی خۆی بەدی بهێنێت، کە گێڕانەوەی ویلایەتی موسڵی دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت بوو، لەگەڵ ئەوەش تورکیا هەوڵی ڕاکێشانی کۆمپانیاکانی کەنداوی دەدا بۆئەوەی وەبەرهێنان لە تورکیادا بکەن، ئەم هۆکارانە وایان لە تورکیا کرد، ئیدانەی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت بکات و داوای پاشەکشەی سوپای عێراق لە خاکی کوێت بکات، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بە گەمارۆ خستنە سەر عێراق و وەستانی گواستنەوەی نەوتی عێراق بۆ بەندەی جەیهانی تورکی، هەروەها یارمەتیدانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەکارهێنانی بنکەی ئاسمانی ئەنجەرلیك، سەرباری بڵاوەپێکردنی نزیکەی (٢٠٠) هەزار سەربازی تورکی لەسەر سنووری نێوان عێراق و تورکیا، تەنانەت پەرلەمانی تورکیا داوای گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویستی لە لایەن حکومەتی تورکیا کرد بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی عێراق، ناردنی هێزی تورکیا بۆ کەنداو، بەکارهێنانی خاکی تورکیا لە لایەن سوپای هاوپەیمانان بۆ لێدانی عێراق[٣].

٢ - ئێران: پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراق خراپ بوو، بەتایبەتی ئەم دوو وڵاتە بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەجەنگ دابوون لەگەڵ یەکتری، بەڵام تێڕوانینی ئێران دەربارەی کێشەی داگیرکردنی کوێت وابوو، کە هاتنی هێزی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مەترسییەکی گەورە بۆ ناوچەکە دروست دەکات، بۆیە ئێران لە هاوپەیمانەتییەك نابێ، کە ئەمەریکای تێدابێ، سەرباری ئەمە حکومەتی عێراق بەڵێنی پابەندبوون و جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی نێوانیان و وازهێنانی خۆی لەو زەوییانە ڕاگەیاند، کە کێشەی لەسەر

---

[١] Security Council Resolutions related to the Second Gulf War (١٩٩٠)., op. cit.

[٢] حسن نافعة، ردود الفعل الدولية إزاء الغزو، اعالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥، ص ٤٦٦ — ٤٧٠.

[٣] Navaro, D., Turkey and the Gulf War, The Gulf War and the New World Order, in. H. Bresheeth and N. Yuval-Davis (eds) (London, ١٩٩١), p ٨٠-٩٠

بوو، سەرباری ڕادەستکردنەوەی (١٩) هەزار دیلی ئێرانی لە (١٧ / ئابی / ١٩٩٠)[١]، سەرەڕای ئەمەش ئێران ترسی هەبوو، کە ئیسرائیل بەشداربێ لە هێزی هاوپەیمانان لە دژی عێراق ئەمەش لە لای ئێران جێگای قبوڵکردن نەبوو، لەگەڵ ئەوەش ئێران دەسەلأتدارانی کوێتی بە هاوکاریکردنی داگیرکەران و دەسەلأتدارانی زایۆنیزم تۆمەتبار دەکرد، ئەمانە وایانکرد، کە ئێران لەم کێشەیە خۆی بە دوور بگرێت، بەلأم بەهۆی پەیوەندییەکانی بە دەوڵەتی سوریا، کە ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی لە بەرژەوەندیی ئێراندا هەبوو لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران، بووە هۆی گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئێران و ئیدانەی هێرشی سەرکوێتی کرد، داوای کرد کە هێزەکانی عێراق لەخاکی کوێت بکشێنەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێران بڕیاریدا پابەندبێ بە بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تەنانەت دەسەلأتدارانی عێراق بۆ پاراستنی بەشێك لە فڕۆکەکانی و تێك نەشکاندنیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان نارد بۆ ئێران، بەو مەرجەی پاش کۆتایی هاتنی ئەم کێشەیە، بگەڕێندرێنەوە بۆ عێراق، بەلأم ئێران دەستی بەسەر ئەم فڕۆکانەدا گرت، نەیگەڕاندنەوە بۆ عێراق[٢].

٣ - ئیسرائیل: هەڕەشەکانی عێراق و بەڵێنی سوتاندنی ئیسرائیل، ترس و دڵەڕاوکێی بۆ ئەو وڵأتە دروست کردبوو، بە تایبەتی پاش داگیرکردنی کوێت، ئیسرائیل لەگەڵ ئەوە نەبوو عێراقێکی بەهێز لە ناوچەکە دروست بێت، لەبەرئەوە لاوازکردنی عێراق و دەرکردنی لە خاکی کوێت و گەمارۆ خستنە سەری لە بەرژەوەندی ئیسرائیلدا بوو، بەلأم بۆ ئەوەی عێراق بەشداریکردنی ئیسرائیل لە سوپای هاوپەیمانان نەقۆزێتەوە و شەقامی وڵأتانی ئیسلامی لە دژی هاوپەیمانان نەجوڵێنێت، بەشداری سوپای هاوپەیمانان بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی عێراق نەکرد، تەنانەت عێراق لە کاتی هەڵمەتی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپایەکەی چەند موشەکێکی ئاڕاستەی ئیسرائیل، کرد بەلأم لەسەر داوای ئەمەریکا ئیسرائیل وەلأمی ئەم هێرشانەی نەدایەوە، جگە لە یارمەتی دارایی بەشداری هیچ هێرشێکی لە دژی عێراق نەکرد[٣].

چوارەم: هەڵوێستی وڵأتانی زلهێز (ئەمەریکا، یەکێتیی سۆڤیەت، بەریتانیا، فەرەنسا، چین):

١ - ئەمەریکا: حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای ڕژێمێکی ڕادیکاڵ بە ئاڕاستەی نەتەوەی عەرەبی دامەزرابوو، ئەم ڕژێمە پیرەوی توندوتیژی دەکرد، دژی ئیسرائیل و هەوڵی گۆشەگیری ئەو وڵأتەی دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا هەبوو، کە سەرچاوەی سەرەکی پێدانی چەك بوو بە عێراق، سەرباری ئەوە لە سیاسەتی نەوتی عێراق کەمتر پشتی بە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دەبەست، کەمترین کۆمپانیای ئەمەریکی بەرژەوەندی و کارکردنیان لە عێراق هەبوو، لە گەڵ ئەوەش عێراق سوپایەکی گەورە و پڕچەك بە چەندین جۆری پێشکەوتووی چەك و موشەکی جۆراوجۆری هەبوو، سەرباری بوونی چەکی کیمیاوی و گەشەپێدانی بەرنامە سەربازییەکانی، لەگەڵ ئەوەش سەدام حسێن ویستی ئەوەی هەبوو، کە سەرکردایەتی وڵأتانی عەرەبی بکات، ببێتە تاکە سەرکردەی عەرەب، ئەمەش نیگەرانی بۆ ئەمەریکا دروستکرد بوو، کە عێراق ببێتە مەترسییەك بۆ سەر بەرژەوەندی خۆیی، وڵأتانی هاوپەیمانی، لەبەرئەوە ئەمەریکا گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە عێراق مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر جومگە سەرەکییەکانی لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست، کە خۆی لە (نەوت و

---

[١] بيار سالينجر و أريك لوران، المصدر السابق، ص ٢٢٠ — ٢٢١.

[٢] عماد جاد، دور الحوار الجغرافي حسابات المكسب ولاخسارة، ملف أزمة الخليج، مجلة (السياسة الدولية)، العدد (١٠٣)، يناير ١٩٩١، ص ٧٧ — ٧٨.

[٣] محمد حسنين هيكل، حرب الخليج، مركز الأهرام للترجمة والنشر، قاهيرة، ١٩٩٢، ص ٢٤٠ — ٢٤٢، ٥٢٧.

ئاسایشی ولاَتانی کەنداو و ئیسرائیل) دەبینییەوە، لەم پێناوەشدا ئیدارەی ئەمەریکا بە شێوەیەکی کاریگەر هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووریی و ڕاگەیاندنەکانی خستەکار، لە یەکەم بەیاننامەیدا (جۆرج بۆش) سەرۆکی ئەمەریکا ئیدانەی ئەم هێرشەی کرد، داوای کرد هێزەکانی سوپای عێراق لە خاکی کوێت پاشەکشە بکەن، هەروەها بڕیاریدا بە ناردنی فڕۆکەی (F١٦) بۆ ولاَتی سعودیە، بلۆکردنی سەرجەم پارەکانی عێراق لە بانکەکانی ئەمەریکا، سەرباری یارمەتیدان و ڕزگارکردنی میری کوێت و بنەماڵەکەی لە سەرەتای هێرشەکە[١].

ئەمەریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەستی بە ئامادەکاری سەربازی کرد، بەجۆرێك چوار کەشتی فڕۆکە هەڵگری بۆ دەریای سوور نارد، کە (٢٠٠) فڕۆکەی هەڵگرتبوو، هەروەها دوو کەشتی فڕۆکە هەڵگری بۆ کەنداونارد، کە (١٠٠) فڕۆکەی هەڵگرتبوو، هەروەها دروستکردنی سێ بنکەی هەوایی لە سعودیە، کە (٨٠٠) فڕۆکەی لەخۆ دەگرت، جگە لە کردنەوەی بنکەی هەوایی ئەنجەرلیك لە تورکیا، کە (٤٠٠) فڕۆکەی لەخۆ دەگرت، سەرباری ئامادەکردنی نزیکەی (٣٥٠) هەزار سەرباز بە سەرجەم ئامێر و کەلوپەل و تەکنەلۆجیا و چەکی پێشکەووت بۆ شەڕکردن لەگەڵ سوپای عێراق[٢]، لەگەڵ ئەمەدا سیاسەتمەداران و نێردە دیبلۆماسییەکانی ئەمەریکا کاریان بۆ دەرکردنی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی عێراق و خستنەسەری گەماری ئابووریی و سەربازیی دەکرد. ئەمەریکا مەبەستی بوو سوپای عێراق لاواز بکا، سەرجەم چەکەکانی لەناوبەرێ و قەرەبووی ئەو ولاَتانەش بکاتەوە، کە زیانیان پێگەیشتووە، لەبەر ئەوە ئەمەریکا توانی سەرکردایەتی هاوپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی بۆ ڕزگارکردنی کوێت بکا، عێراق بەبڕیارە نێودەوڵەتییەکان پابەند بکات[٣].

٢ - یەکێتیی سۆڤیەت: پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ عێراق هەبوو، لە ساڵی (١٩٧٢) پەیماننامەی هاوکارییان لە نێوان یەکتریدا ئیمزا کردبوو، ئەم پەیمانە ئەوەی بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتدا دەسەپاند، کە هەرکاتێك عێراق کەوتە شەڕ لەگەڵ ولاَتێکی دیکە، دەبێت یەکێتیی سۆڤیەت هاوکاری سەربازی پێشکەش بە عێراق بکات، لەگەڵ ئەوەش نیوەی سوپای عێراقی چەکی ئەو ولاَتە بەکاردەهێنن، زیاتر لە هەزار شارەزای سەربازی یەکێتیی سۆڤیەت لە عێراق کاریان دەکرد، بەلاَم کێشەی داگیرکردنی کوێت فشارێکی زۆری بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت دروستکرد بوو، هەوڵیدا بەهۆی باشی پیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق ئەم ولاَتە بە کشانەوەی هێزەکانی لە کوێت ڕازی بکات، بەلاَم هەوڵەکانی هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، کە ببێتە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکە، لەبەرئەوە هەوڵیدا کێشەی کوێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان چارەسەربکرێت، داوایکرد سوپای عێراق لە خاکی کوێت پاشەکشە بکات، دەنگی بەبڕیاری (٦٦٠) ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جگە لەمە هەردوو وەزیری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا کۆبوونەوە، داگیرکردنی کوێتیان بەکارێکی نادروست لەقەڵەمدا، جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان کردەوە، داوایان لە ولاَتانی جیهان کرد، ئەم داگیرکارییە ئیدانە بکەن، هەروەها ڕێککەوتن، کە پڕچەککردنی سوپای عێراق لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە بوەستێت، لەم پێناوەشدا گەمارۆی هەمەلایەنە بخرێتە سەر عێراق، لە (٩ / ئەیلولی / ١٩٩٠) لە شاری هیلسنکی کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکای بەخۆوە بینی، هەردوولا داوایان لە وەزیرانی دەرەوەی ولاَتەکانی خۆیان کرد، لەگەڵ ولاَتانی ناوچەکە کاربکەن بە

---

[١] Hiro, D., Desert shield to Desert storm: the second Gulf War, (London), ١٩٩٢, P ٤٩ – ٨٧.

[٢] محمد حسنين هيكل، المصدر السابق، ص ٣٨٩، ٥٤٦ – ٥٤٧.

[٣] Hiro, D., op. cit., P ١٩٠-٢٠٨.

مەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئاسایشی و هێنانەدی ئاشتی لە ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەنداو، سەرباری ئەوەش یەکێتیی سۆڤیەت ڕازی بوو بە جێبەجێکردنی بڕیاری (٦٧٨) ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام ڕازی نەبوو بە ناردنی سوپای یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لەپەلاماری سەربازی بۆ سەر عێراق[١].

٣ - بەریتانیا: لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران، گەورەیی و پڕچەك بوونی سوپای عێراق، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ترسیان بۆ بەریتانیا دروستکرد، بە تایبەتی پاش لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی، کە پاسپۆرتی بەریتانی بەکاردەهێنا بەناوی (فرزاد بازوفت) لە (١٥ / ئادار / ١٩٩٠). ئەم ترسەی بەریتانیا لە پاش داگیرکردنی کوێت لە (٢ / ئابی / ١٩٩٠) زیادی کرد، هەستی کرد، کە بەرژەوەندییەکانی لە کەنداو بە تایبەتی لە کوێت کەوتونەتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوە کاردانەوەی لە دژی داگیرکردنی کوێت شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەتایەتی بەریتانیا پەیوەندییەکی قووڵ و مێژوویی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو هەبوو، ئەم ناوچەیەی بە ناوچەی پێگە و نفوسی خۆی دادەنا، شارەزای تەواوی لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریی ناوچەکە بوو، لەپاش داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراق لە (٢ / ئابی ١٩٩٠) بەریتانیا هەستی بە لێپرسراویەتی مێژوویی دەربارەی سەربەخۆیی کوێت، پارێزگاری لێکردنی کرد، لەبەر ئەمە ئیدانەی داگیرکردنی کوێتی کرد، داوای کرد عێراق هێزەکانی لە کوێت بکشێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەش پەیوەندی بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد، بۆ بەکار هێنانی هێزی سەربازی، بۆ ڕزگارکردنی کوێت و تێکشکاندنی هێزی سەربازیی عێراق، بە جۆرێك بێت جارێکی دی نەبێتەوە مەترسی بۆ سەر دەوڵەتانی کەنداو، بەژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە، لە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش پشتگیری سەرجەم بڕیارەکانی کرد لە دژی عێراق، لەگەڵ ئەمە زیاتر لە (٣٥) هەزار سەربازی بەریتانی بەشداریان لە هەڵمەتە سەربازییەکان کرد[١].

٤ - فەرەنسا: هەرچەندە پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی لە گەڵ دەوڵەتانی کەنداو هەبوو، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵ عێراق پەیوەندییەکی بەهێزتر بوو بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و ناردنی چەك و پیشەسازی سەربازی و مەدەنیەکان، لەگەڵ ئەمەش فەرەنسا درکی بەوە کرد، کە لە بەرژەوەندیی دانییە بێدەنگی لە داگیرکردنی کوێت بکات بە تایبەتی، کە عێراق پێشێلی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە، لەبەر ئەمە ئیدانەی داگیرکردنی کوێتی کرد و داوای کرد عێراق هێزەکانی لە کوێت بکشێنێتەوە، هەروەها داوای چارەسەرکردنی کێشەکەی کرد، سەرباری ئەمە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ڕێکەوت، بە شێوەیەکی سیاسی دوور لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی چارەسەی کێشەکە بکرێت، بۆ ئەمە پێشنیازی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیان کرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کێشەی عەرەب – ئیسرائیل، بەڵام ئەم پێشنیازە لە لایەن ئەمەریکاوە ڕەتکرایەوە، جگە لەمە لە (١٥ / کانوونی دووەمی / ١٩٩١) فەرەنسا کۆتا پڕۆژەی خۆی بۆ چارەسەرکردنی سیاسییانەی ئەم کێشە بەناوی (المبادرة الفرنسية الأخيرة للسلام) پێشکەشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، کە تێیدا داوای کشانەوەی هێزەکانی عێراقی لە کوێت، جێگیرکردنی هێزێکی ئاشی

---

[١] حسن نافعة، المصدر السابق، ص ٤٨٧ – ٤٩٣؛ خالد عبدالرحمن العصيمي، ترسيم الحدود الكويتية العراقية وأثره على السياسة الخارجية الكويتية، رسالة ماجستر (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط، ٢٠١٢، ص ٩٩.

[١] حسن نافعة، المصدر السابق، ص ٤٩٩ – ٥٠٠.

پارێز لەناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب – ئیسرائیل، ئەم پڕۆژەیەی فەرەنسا شکستی هێنا بە هۆی ڕەتکردنەوەی پڕۆژەکە لە لایەن ئەمەریکا و عێراقەوە، لەبەر ئەمە فەرەنسا گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر بەشداری هەڵمەتە سەربازییەکان نەکات، ئەوە کاریگەری لە ناوچەکە و لە جیهاندا کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوە (میتەران) سەرۆك کۆماری فەرەنسا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بڕیاری جێبەجێکردنی سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ناردنی (١٢) هەزار سەربازی بۆ ناوچەکە دا، پاشان بەشداری کرد لە هێرشەکانی سەر عێراق[٢].

٥ - چین: بەهۆی خراپی ڕەوشی مافی مرۆڤ و ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و دابڕانی و گەمارۆ خستنەسەر چین، وای لەم وڵاتە کرد ئەم کێشەیە بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ئەمەریکا بەکار بهێنێت، لەبەر ئەوە هێرشی عێراقی بۆ سەر کوێت ئیدانە کرد، دانی نەنا بە گەڕاندنەوەی کوێت بۆ سەر عێراق و داوای پاشەکشەی هێزەکانی عێراقی لە خاکی کوێت کرد، داوای کرد کە ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو چارەسەر بکرێت، تەنانەت کاتێك ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاریدا گەمارۆی ئابووریی بخرێتە سەر عێراق، چین هیچ نارەزایەتییەکی دەرنەبڕی و بڕیاریدا، کە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات، هەر بۆ ئەو مەبەستە ناردنی چەك و کەلوپەلی سەربازی بۆ عێراق ڕاگرت، لەگەڵ ئەوەی چین ئەم هەڵوێستانەی هەبوو، بەڵام ناکۆك بوو لەگەڵ ئەمەریکا و بەریتانیا، کە دەیانویست بە هێزی سەربازی ئەم کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە چین لەو باوەڕەدا بوو چارەسەرکردنی کێشەکە بە ڕێگای سەربازی بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەورۆڵی ئەمەریکا لەجیهاندا ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی چین دروستدەکرد، لەبەر ئەمە چین بەشداری هەڵمەتە سەربازییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە دژی عێراق نەکرد[١].

هەرچەندە عێراق هێرشی کردە سەر کوێت و توانی داگیری بکات، بەڵام هێرشکردنە کاتێکی گونجاو نەبوو بۆ عێراق، چونکە لە کاتێکدا بوو گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی جیهان ڕوویدەدا، بە جۆرێك کەمپی سۆسیالیستی ڕووخا، هەروەها یەکێتیی سۆڤیەتیش بەرەو ڕووخان دەچوو، لەگەڵ ئەوەش ئەمەریکا سەرکردایەتی جیهانی دەگرتە دەست، ئەم گۆڕانکارییەش بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا سەرجەم هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لە لایەکی دیکە جیهانی عەرەبی لاواز و فشەڵ بوو، توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەبوو، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕۆڵ و پێگەی وڵاتانی ناوچەیی بە تایبەتی ئێران و تورکیا، سەرئەنجام نەتەوەیەکگرتووەکان سزایەکی قورسی سەربازی و ئابووریی بەسەر عێراقدا سەپاند، لە (٢٩ / تشرینی دووەم/١٩٩٠) ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی بڕیاری ژمارە (٦٧٨) یان دەرکرد، دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزی دا بۆ ناچارکردنی عێراق بە کشانەوە لە خاکی کوێت، بەڵام چل و پێنج ڕۆژی بە عێراق بەخشی بۆ کشانەوەی سوپایەکەی و ڕۆژی (١٥ / کانوونی دووەمی / ١٩٩١) بە دوا مۆڵەت بۆ عێراق دانرا بۆ

---

[٢] رابح زنوني، نفسير السياسة الخارية الفرنسية تجاه العراق منذ الحرب الخليج الثانية، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت إلى مجلس كلية الحقوق، جامعة الحاج الخضر باتنة في الجزائر، ٢٠٠٨، ص ١١٥ – ١٢١.

[١] حسن نافعة، المصدر السابق، ص ٥١٠ – ٥١٣.

ئەنجامدانی ئەم کارە، عێراق بڕیارەکەی ڕەتکردەوە، سەرئەنجام لە کاتژمێر (۳) بەرەبەیانی ڕۆژی (۱۷ / کانوونی دووەمی / ۱۹۹۱) هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بۆسەر هێزەکانی عێراق دەستی پێکرد[۲].

**باسی سێیەم : ئە نجامەکانی جەنگی دووەمی کەنداو (۱۹۹۰ – ۱۹۹۱)**

عێراق توانی بە چەند سەعاتێك کوێت داگیر بکات، بەڵام نەیتوانی بەسەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی زاڵبێ و وڵاتان لەدژی ئەم داگیرکارییە ڕاوەستان، لە ئەنجامی ئەمە ئەمەریکا لەگەڵ (سوڵتان نشینی عومان، پاکستان، قەتەر، سعودیە، کەنەدا، بەلجیکا، دانیمارك، سوریا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، یابان، ئیتاڵیا، کوێت، ئەرجەنتین، ئوستڕالیا، بەحرەین، سەنیغال، کۆریای باشوور، ئسپانیا، میسر، تورکیا، ئیمارات، چیکسلوڤاکیا، نیوزلەندا، هۆڵەندا، نێجیریا، نەرویج، پرتوگال). (۹٦۰) هەزار سەرباز[۱]، (٦۳۱۰) تانك، (٤۰٥۰) زرێپۆش، (۳٦۳۳) تۆپ، (۲۷۸۰) فڕۆکەی جەنگی، (۱۹٥۹) هێلیکۆپتەر، (۱۲۰) کەشتی جەنگیان ئامادەکرد، بۆ هێرشکردنە سەر سوپای عێراق[۲].

هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق بە دوو جۆر بوو، جۆری یەکەمیان بە هێرشی ئاسمانی دەستی پێدەکرد ئەمەش بە مەبەستی لە ناوبردنی بنکە ئاسمانییەکانی عێراق، خاپورکردنی بنکە سەربازییەکان و تانك زرێپۆش و مووشەکی بەرگری ئاسمانی و زەوی بە زەوی، لە ناوبردنی کارگە پیشەسازییە کیمیاییەکان و ئەوانەی ئابووریی عێراقیان لەسەر بەندبوو، پاشان دابڕینی سوپای عێراق لە کوێت و گەمارۆدانی[۲]، بەڵام جۆری دووەم هێرشی زەمینی بوو، ئەویش پاش نەمانی توانا و بەرگری سوپای عێراق، بۆ ئازادکردن و پاشەکشەی پێکردنی سوپای عێراق لە کوێت. لە بەرەبەیانی (۱۷ / شوباتی / ۱۹۹۱) هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان لە (۱۱) بنکەی سەربازی لە سعودیە و بە ئاڕاستەکردنی (۱۰۰) موشەکی تۆماهۆك لەسەر کەشتی سەربازیی ئەمەریکی لە ئاوەکانی کەنداو (گەردەلولی بیابان) بۆ سەر سوپای عێراق دەستی پێکرد، هەڵمەتەکانی گەردەلولی بیابان شەش هەفتەی خایاند، زیانێکی گەورەیان بە عێراق گەیاند، لەم هەڵمەتانەدا فڕۆکە جەنگییەکانی (F -۱۱۱) و (F - ۱۱۷) و (F – ۱٥E) و (F – ۱٦) ، (F – ٤ G) و (A – ۱۰) و (B – ٥۲) و (F / A – ۱۸) و (AC – ۱۳۰) و (EA ٦B) و جگە لە فڕۆکە جەنگییەکانی (تۆڕنادۆ و جاگوار)ی بەریتانی و فەرەنسی و ئیتاڵی، زیاتر لە (٤۳) هەزار هەڵمەتی سەربازییان کردە سەر هێزەکانی سوپای عێراق، سەرباری ئاڕاستەکردنی موشەکی تۆماهۆك و کروز بۆ سەر سوپای عێراق، لە بەرانبەر ئەمە عێراق بە موشەکی سکود هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و سعودیە، پاشان هێزە وشکانییەکانی عێراق هێرشیانکردە سەر ناوچەی (خفجی) سەر سنوور لە سعودیە، بەڵام ئەم هێرشانە لە لایەن سوپای هاوپەیمانانەوە بەرپەرچ درانەوە، هێزەکانی عێراق زیانی گەورەیان لێکەوت، بەم جۆرە بە هۆی هێرشە ئاسمانییەکان هێزەکانی عێراق زیانی زۆریان بەرکەوت[۱]، هێزەکانی هاوپەیمانان لە شەوی

---

[۲] سالم مشكور، المصدر السابق، ص ۱٥۷ – ۱٥۹.

[۱] Park, S., H., Cognitive Theory of War, PhD thesis submitted to the University of Tennessee, Knoxville, ۲۰۰٤, p ٦۳ – ٦٤.

[۲] مصطفى الانصاري، العراق و الامم المتحدة (۱۹۹۰ – ۱۹۹۷) مطبعة بنك المعلومات العراقي، بدون مكان الطبع، ۱۹۹۸، ص ۷٥.

[۲] مراد ابراهيم دسوقي، غزو الكويت، رؤية معاصرة لاكبر نكبات العرب، مركز الدراسات اسياسية الاستراتيجية – مؤسسة الاهراه، القاهرة، ۱۹۹۳، ص ٥۱.

[۱] ريبيكا جرانت، عاصفة الصحراء، مجلة (AIR&SPACE POWER)، المجلد الثامن، العدد (الثاني)، صيف ۲۰۱۲، ص ۱۹ – ۲۱.

(٢٣ / شوباتی / ١٩٩١) هێرشی زەمینیان بۆ سەر سوپای عێراق دەست پێکرد، لەم هێرشەدا جگە لەهێزی وشکانی کەشتییە جەنگییەکانی (L R H و LHA) بە ئاڕاستەکردنی موشەکی تۆماهۆك بۆ سەر سوپای عێراق و فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بەشدارییان تێداکرد، لەبەرانبەردا بەهۆی هەڵە و پلانە سەربازییەکان، گەورەیی و بەهێزی سوپای هاوپەیمانان و کاریگەریی هێرشەکانیان، دەسەڵاتدارانی عێراق ڕازی بوون بە مەرجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کشانەوەی سوپای عێراق لە کوێت، دەرئەنجامی ئەمە لە سەعات (٥) ی بەیانی بەکاتی سعودیە لە (٢٨ / شوباتی / ١٩٩١) جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری وەستانی جەنگی دا[٢]، لە هەمان ڕۆژدا لە ژێرچادرێك لە (صەفوان) لە باشووری عێراق، کۆبونەوە لەنێوان سەرکردە سەربازییەکانی عێراق بەسەرۆکایەتی وەزیری بەرگری فەریق (سوڵتان هاشم ئەحمەد) و سەرکردە سەربازییەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ (نورمان شوارزکوف) ئەنجامدرا، لەم کۆبوونەوەیەدا وەفدی عێراق ڕازی بوو بە مەرجەکانی ڕاوەستانی جەنگ و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، تایبەت بەکێشەی کوێت و دروستکردنی ناوچەیەکی چۆلکراو لە نێوان هەردوو وڵات و ڕادەست کردنەوەی دیلەکانی کوێت[٣].

لەم جەنگە نزیکەی (٨٠) هەزار سەربازیی عێراقی کوژران، (٩٠) هەزار سەرباز بریندار بوون، زیاتر لە (١٠٠) هەزار سەرباز بەدیل گیران، هەروەها (٧٥) هەزار سەرباز هەڵاتن، جگە لە کوژرانی (١٥٩١) کەسی سڤیل، سەرباری تێکشکانی (٤) هەزار تانك، (٢١٤٠) زرێپۆش، (١٨٧٠) تۆپ، (٧) هێلیکۆپتەر، (١٠٣) فڕۆکەی جەنگی، (٨٣) گەشتی جەنگی، کاولکردنی کارگەکانی بەرهەمهێنانی چەکە کیمیایی و بایلۆجییەکان، (٧٠٪) هۆیەکانی پەیوەندیی سەربازی، لەگەڵ (٧٥ ٪) وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵام لە هاوپەیمانان (٢٢٣) سەرباز کوژران، (٦٩٧) سەرباز بریندار، (٩٤) سەرباز بەدیل گیران، جگە لە تێکشاکاندنی (٤) تانك، (٩) زرێپۆش، (١٧) هێلیکۆپتەر، (٤٤) فڕۆکەی جەنگی، (٢) کەشتی جەنگی، سەرباری خەرجییەکانی جەنگ، کە زیاتر لە (٥٠) ملیار دۆلار بوو[٤]. سەرەڕای زیانە گیانیەکانی کوێت، کە خۆی دەدا لە کوژرانی (١٠٠) هەزار کەس، هەروەها بریندار بوونی (٣٠٠) هەزار کەس، جگە لە بەدیل گرتنی نزیکەی (٥) هەزار کەس[٥].

لەڕووی ئابوورییەوە عێراق زیانێکی زۆری لێکەوت، بووە هۆی وەستانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بە ڕێژەی (٩٧٪)، لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی جەنگ و کاولکردنی شوێنە ستراتیجییەکانی عێراق نزیکەی (٢٣٢) ملیار دۆلار لەگشت کەرتەکان زیانی بەرکەوت، سەرباری بژاردنی زیانەکانی جەنگ و قەرەبووکردنەوەی کوێت، کە نزیکەی (١٠٠) ملیار دۆلار بوو، سەرەڕای دەستگرتن بەسەر پارەکانی لە بانکەکانی جیهان، کە نزیکەی (٨٦) ملیار دۆلار بوو، بەمەش کەرتی ئابووریی عێراق داتەپی، تەنانەت عێراق لە ڕووی پەیوەندییەکانی دەرەوە گۆشەگیر بوو، لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی پەیوەندی لەو پەڕی خراپی دابوو، بەشداریانکردبوو سزایانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا سەپاند بووی[١].

---

[٢] جمال كمال، المصدر السابق، ص ١٥٤.

[٣] عبدالوالي الشميري، الإستراتيجية العسكرية لعلصفة الصحراء، مطبعة ستار برس، القاهرة، ١٩٩٣، ص ١٣٦.

[٤] خالد بن سلطان بن عبدالعزيز، المصدر السابق، ص ٣٧٢؛ مصطفى الانصاري، المصدر السابق، ص ٢٢٩ — ٢٣١.

[٥] لورانس کاپلان و ولیەم کریستۆل، جەنگی عێراق و ستەمکاری سەدام و پەیامی ئەمەریکی، و : عەبدولکەریم عوزێم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٨ — ٤٩.

[١] فیبی مار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦ — ٣٨٧.

ژێرخانی ئابووریی کوێت لە ئەنجامی ئەم جەنگە توشی داڕووخانێکی گەورە بوو، بە جۆرێك لە لایەن هێزەکانی عێراق (٧٢٧) بیر ئاگریان تێبەردرا و وێران کران، بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت بەتەواوەتی ڕاوەستا بەمە ڕۆژانە کوێت زیاتر لە (٦) ملیۆن بەرمیل نەوت زیانی لێدەکەوت، کە یەك بەرمیل نەوت نزیکەی (١٥) دۆلار بوو، زیانی ڕۆژانەی کوێت تەنها لە نەوت نزیکەی (٩٠) ملیۆن دۆلار بوو[٢]، لەگەڵ ئەمە زیاتر لە (٣٠) ملیۆن بەرمیل نەوت لەو خەندەقانە کرا، کە هێزەکانی سوپای عێراق بۆ بەرگری لە خاکی کوێت دروستی کردبوو، بەمەش دەریاچەیەکی نەوتی دروست بوو کە ڕووبەری (٢٠٪) خاکی کوێتی پێکدەهێنا، ئەمەش زیانێکی گەورەی بە زەوی ناوچەکە گەیاند، سەرباری ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری نەوت چووە ئاوەکانی کەنداوەوە، کە ئەمەش بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری گیانەوەری دەریا، بەتایبەت ماسی، ئەمانە بوونە هۆی خراپکردنی ئاووهەوا و ژینگە و سروشتی کوێت، بەمەش ژێرخان و سەرخانی ئەم وڵاتە تاڕادەیەکی زۆر وێران بوو[٣].

لەپاش کۆتایهاتنی داگیرکردنی کوێت، لیژنەیەك لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش پێکهات بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە سنووری نێوان عێراق و کوێت بەپێی بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و پشت بەستن بە ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٦٣)ی نێوان عێراق و کوێت، ئەم لیژنەیە سەرلەنوێ سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی کێشا بە جۆرێك سنووری تازە چەند ناوچەیەکی دەگرتەوە، کە لە ژێر دەستی عێراق دابوو، لەوانە کێڵگەی نەوتی ڕومێلە، سەرباری ڕەتبوونی هێڵی سنووری بەناوەڕاستی بنکەی ئوم قەسری دەریایی، ئەمەش لە لایەن عێراقەوە ڕەتکرایەوە، دووبارە کوێتی بە بەشێك لەخاکەکەی دانا، بەڵام ئەمە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ڕەتکرایەوە، ڕایگەیاند بڕیاری لیژنەکە فەرمانە،بۆ هیچ لایەنێك نییە، کە ڕەتی بکاتەوە[٤].

لە (٣ / نسیانی / ١٩٩١) ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٦٨٧) ی دەرکرد، بە پێی ئەم بڕیارە مەرجی قورس لەسەر عێراق دانران، بە جۆرێك: لەسەر عێراق سەپێنرا ڕێز لە سنووری نێوان خۆی و کوێت بگرێت، هێزی ئاشتی پارێزی سەر بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر سنوور پەسند بکات، چەکە کۆکوژەکان و مووشەکە مەودا درێژەکانی خۆی تێکبشکێنێ، بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش داوای لێکرا لیستێکی تەواو بە کەلوپەلە ناوەکی و کیمیایی و توانستە سەربازییەکان و مووشەکەکانی، کە مەودایان لە (١٥٠) کیلۆمەتر زیاترە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایش بکات و دواتر لەناو ببردرێن، بە مەبەستی سەلماندنی ڕاستی، ڕێگرتن لە بەردەم دەستخستن و بەرهەمهێنانی ئەم چەکانە لە دواڕۆژدا، چەند تیمێکی پشکنێنەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دابنرێن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، هەروەها عێراق ڕێگە لە بەردەم گەڕاندنەوەی سەروەت و سامانی کوێت خۆشبکات، ڕازی بێت بە قەرەبوو کردنەوەی کوێت بەو ڕێژەیەی، کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەند دەکرێت. هەتا ئەم کارانە جێبەجێ نەکرێت گەمارۆی بازرگانی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بێجگە لە ڕێگەدان بە خۆراك و دەرمان و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، عێراق نابێ هیچ بڕە

---

[٢] عامر التميمي، الأبعاد الاقتصادية للغزو، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥)، في مارس ١٩٩٥، ص ٢٣٦ — ٢٤٠.

[٣] فاطمة المذكوري، البيئة دائما ضحية الحروب (الجرائم البيئية في حرب الخليج الثانية)، مجلة (بيئتنا)، العدد (١٧)، تموز ١٩٩٢، ص ٣ - ٥

[٤] سالم مشكور، نزاعات الحدود في الخليج، مركز الدراسات الإستراتيجية و البحوث و التوثيق، بيروت، ١٩٩٣، ص ١٠٤ — ١٠٦.

نەوتێك بفرۆشێت، لەگەڵ ئەوەش سزاكان هەر شەست ڕۆژ جارێك چاویان پێدا دەخشێنرێتەوە[1]، ئەم مەرجانە لە لایەن عێراقەوە ڕەزامەندییان لەسەردرا، بەومەرجەی هێزەكانی هاوپەیمانان لە خاكی عێراق بكشێنەوە، لە بەرانبەردا لە (٩ / مایسی / ١٩٩١) دواین هێزی هاوپەیمانان لە عێراق كشایەوە[2].

داگیركردنی كوێت لە لایەن عێراقەوە لە لایەك جەنگێگ نەبوو لە پێناو مافی مرۆڤ و گۆڕینی نەخشەی نارێكی ناوچەكە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەكان، هێنانەدی یەكسانی ئابووریی، كۆمەلأیەتی، دابەشكردنێكی یەكسان، لە لایەكی دیكە بڕیارێكی هەڵە و پێچەوانە بوو لەگەڵ سیاسەتی نێودەڵەتی، كە بەرەو تاك جەمسەری دەچوو، دژی بەرژەوەندییە نەوتی و ئابوورییەكانی ئەمەریكا و ڕۆژئاوا، هاوسەنگی هێز بوو لە ناوچەكەدا، ئەمەش پێشاندانی خوێندنەوە و هەڵە تێگەیشتنی كاربەدەستانی عێراقە لە سیاسەتی جیهان لەو سەردەمەدا.

[1] ٦٨٧ Resolution: Iraq-Kuwait (of ٣ April ١٩٩١), daccess-dds ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٩٦/٢٣/IMG/NR٠٥٩٦٢٣.pdf, (Accessed on ١٥/١/٢٠١٦).

[2] عبدالحسین شعبان، بانوراما حرب الخلیج، مطبعة دار البرق، لندن، ١٩٩٤، ص ٣٥.

## ئەنجام

**گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەمان، ئەمانەی خوارەوەن:**

**١ - عێراق نەخشەی داگیرکردنی کوێتی هەبوو، بەڵام بەدوای ڕێوشوێنکدا دەگەڕا، کە بەم ئامانجە بگات، لەم ڕووەوە کێشەی سنوور و زیاد بەرهەم هێنانی نەوت و دابەزینی نرخەکەی قۆستەوە بۆ داگیرکردنی کوێت.**

**٢ – عێراق بە داگیرکردنی کوێت ئامانجی بوو، ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکەی پێ بەرزبکاتەوە، لەگەڵ ئەمەش دەیویست سنووری جوگرافیا و حکومڕانییەکەشی فراوان بکات، وەك دەوڵەتێکی بەهێز و کاریگەر دەربکەوێت.**

**٣ – لە ئەنجامی ئەم جەنگە عێراق زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەوی بەرکەوت، سەرەڕای سەپاندنی مەرجی دژواری ئاگربەست، بەتایبەتی سزا ئابوورییەکان و چەك داماڵین.**

**٤ – ئەم جەنگە بووە هۆی گەمارۆدان و دابڕانی عێراق، بە هێزبوونی پێگە و ڕۆڵی ئەمەریکا لە کەنداو، کە توانی شوێن پێی ئابووریی و سیاسی بە وڵاتە ئەوروپییەکانی ڕۆژئاوا لێژبکات.**

**٥ – لایەن و دەرئەنجامێکی دیکەی جەنگەکە دەرخستنی لاواز و فشەڵی وڵاتانی عەرەبی، بێ توانایان بوو لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان، سەرباری زیادبوونی ڕۆڵ و پێگەی وڵاتانی ناوچەیی بەتایبەتی ئێران و تورکیا.**

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

#### ١ - بەزمانی کوردی:

١ - فیبی مارڕ، مێژووی نوێی عێراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠١٠.

٢ - لورانس کاپلان و ولیەم کریستۆل، جەنگی عێراق و ستەمکاری سەدام و پەیامی ئەمەریکی، و : عەبدولکەریم عوزێم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

#### ٢ - بەزمانی عەرەبی:

٣ - احمد كمال شعت، العراق المغبون و تداعيات حرب الخليج، مكتبة مدبواى، بدون مكان و وزمان الطبع.

٤ - بيار سالينجر و أريك لوران، حرب الخليج، ط (١١)، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ١٩٩٣.

٥ - تركي الحمد، الغزو (الأسباب الموضوعية و المبررات الأيديولوجية)، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥.

٦ - جمال كمال، الاخطاء القاتلة، مؤسسة الاهرام للنشر و التوزيع، قاهرة، ١٩٩٨.

٧ - حبيب الرحمن، حرب تحرير الكويت جزورها و مقوماتها، ط (٢)، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، ٢٠٠١.

٨ - حسن نافعة، ردود الفعل الدولية إزاء الغزو، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥.

٩ - حسين عيسى مال الله، مجرمو الحرب العراقيون و جرائمهم خلال الاحتلال العراقي للكويت، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ٢٠٠٥.

١٠ - خالد بن سلطان بن عبدالعزيز، مقاتل من الصحراء، دار الساقي للطباعة و النشر، ١٩٩٧.

١١ - خطاب صكار العاني، نوري خليل البرازي، جغرافية العراق، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، بدون سنة الطبع.

١٢ - سالم مشكور، نزاعات الحدود في الخليج، مركز الدراسات الإستراتيجية و البحوث و التوثيق، بيروت، ١٩٩٣.

١٣ - عامر التميمي، الأبعاد الاقتصادية للغزو، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥)، في مارس ١٩٩٥.

١٤ — عبد الحسين شعبان، بانوراما حرب الخليج، مطبعة دار البرق، لندن، ١٩٩٤.

١٥ - عبدالله حمد محارب، وثائق لاتموت، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ٢٠٠٠.

١٦ - عبد المالك التميمي، العلاقات الكويتية العراقية (١٩٢١ — ١٩٩٠)، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥) في مارس ١٩٩٥.

١٧ - عبدالوالي الشميري، الإستراتيجية العسكرية لعلصفة الصحراء، مطبعة ستار برس، القاهرة، ١٩٩٣،

١٨ - لجنة من المختصين، منافذ العراق البحرية، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، الكويت، ٢٠٠٤.

١٩ - مجدي حماد، جامعة الدول العربية، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (٣٤٥) في نوفمبر ٢٠٠٧.

٢٠ - مجموعة من المختصين، الألغام الأرضية و تدمير البئة الكويتية إحدى جرائم العدوان العراقي، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، كويت، ١٩٩٨.

٢١ - مجموعة من المختصين، تدمير ابار النفط في الوثائق العراقية، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ١٩٩٥.

٢٢ - محمد الرميحي، أصداء حرب الكويت، دار السياقي، بيروت، ١٩٩٤.

٢٣ - محمد الرميحي، ردود الفعل العربية على غزو وحرب تحرير الكويت، عالم المعرفة (سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني الثقافة و الفنون و الأداب - الكويت، الرقم (١٩٥)، في مارس ١٩٩٥.

٢٤ - محمد حسنين هيكل، حرب الخليج، مركز الأهرام للترجمة والنشر، قاهيرة، ١٩٩٢.

٢٥ - محمد نايف العنزي، صفحات في التاريخ السياسى للكويت، ط (٢)، مكتبة أفاق، كويت، ٢٠١٣.

٢٦ - مراد ابراهيم دسوقى، غزو الكويت، رؤية معاصرة لاكبر نكبات العرب، مركز الدراسات اسياسية الاستراتيجية – مؤسسة الاهراه، القاهرة، ١٩٩٣.

٢٧ - مصطفى الانصاري، العراق و الامم المتحدة (١٩٩٠ – ١٩٩٧) مطبعة بنك المعلومات العراقي، بدون مكان الطبع، ١٩٩٨.

### ٣ - بەزمانی ئینگلیزی:

٢٨ - Freedman, L., and Karsh, E., the Gulf Conflict ١٩٩٠ – ١٩٩١, (New Jersey, ١٩٩٣).

٢٩ - Hiro, D., Desert shield to Desert storm: the second Gulf War, (London, ١٩٩٢).

٣٠ - Khadduri, M. and Ghareeb, E., War in the Gulf, ١٩٩٠-٩١ the Iraq-Kuwait Conflict and Its Implications, (New York, ١٩٩٧).

٣١ - Navaro, D., Turkey and the Gulf War, The Gulf War and the New World Order, in. H. Bresheeth and N. Yuval-Davis (eds) (London, ١٩٩١).

### دووەم : نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

### ١ – بەزمانی عەرەبی :

٣٢ - احمد عدنان عبد الكريم الشكاكي، الأمم المتحدة و قوات حفظ السلام الدولية مع دراسة لبعثة الأمم المتحدة للمراقبة بين العراق و الكويت، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ١٩٩٦.

٣٣ - خالد عبدالرحمن العصيمي، ترسيم الحدود الكويتية العراقية وأثره على السياسة الخارجية الكويتية، رسالة ماجستر (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية الاداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط، ٢٠١٢.

٣٤ - رابح زنوني، نفسير السياسة الخارية الفرنسية تجاه العراق منذ الحرب الخليج الثانية، رسالة ماجستير (غير منشورة) قدمت إلى مجلس كلية الحقوق، جامعة الحاج الخضر باتنة في الجزائر، ٢٠٠٨.

٣٥ - سالم بوغرارة، السياسة التسعيرية لمنظمة الأوبك وانعكاسها على سوق النفط العالمي خلال الفترة من (٢٠٠٠ - ٢٠١١)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، ٢٠١٣.

٣٦ – مؤيدا براهيم كاظم الونداوي، الحرب العراقية - الإيرانية واثرها على الامن القومي العربي والامن الوطني العراقي ،رسالة ماجستير (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٤.

٣٧ - محمد فجالي، حرب الخليج الثانية بين أحكام القانون الدولي و تداعيات النظام الدولي الجديد، أطروحة دكتوراه (غير منشورة)، قدمت الى مجلس كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة، ٢٠٠٨.

**٢ – بەزمانی ئینگلیزی :**

٣٨ - Keeble, R., The Gulf war myth, A study of the press coverage of the١٩٩١ Gulf conflict, (Unpublished Doctoral thesis), Submitted to City University London, ١٩٩٦.

٣٩ - Park, S., H., Cognitive Theory of War, PhD thesis submitted to the University of Tennessee, Knoxville, ٢٠٠٤.

٤٠ - Rieger, R., The Foreign Policy of the Arab Gulf Monarchies from ١٩٧١ to ١٩٩٠, PhD thesis submitted to the University of Exeter, ٢٠١٣.

**سێیەم : گۆڤار:**

**١ - بەزمانی کوردی:**

٤١ - ئەسغەر جەعفەر ولدانی، داواکارییەکانی عێراق سەبارەت بە خاکی کوێت، وەرگێرانی: ئازاد مەحمود پێنجوێنی، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٨)، سلێمانی، کانوونی دووەمی ١٩٩٤.

٤٢ - دێدەوان محمد و ڕێبین ئەحمەد هەردی، فاکتەرە جوگرافییەکانی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٥)، سلێمانی، نیسانی ١٩٩٣.

٤٣ - سالار حەمە سور باسیرە، جەنگی دووەمی کەنداو (هۆ و ئەنجامەکانی)، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٣٧)، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٢.

٤٤ - یوسف گۆران، ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو و هەندێ لە گیروگرفتە ئەمنی و سەربازیەکانی، (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ژمارە (٣٦)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠١.

**٢ - بەزمانی عەرەبی:**

٤٥ - ريبيكا جرانت، عاصفة الصحراء، مجلة (AIR&SPACE POWER)، المجلد الثامن – العددالثاني، صيف ٢٠١٢.

٤٦ - فاطمة المذكوري، البيئة دائما ضحية الحروب (الجرائم البيئية في حرب الخليج الثانية)، مجلة (بيئتنا)، العدد (١٧)، تموز ١٩٩٢.

٤٧ - عماد جاد، دور الحوار الجغرافي حسابات المكسب ولاخسارة، ملف أزمة الخليج، (مجلة السياسة الدولية)، العدد (١٠٣)، يناير ١٩٩١.

**چوارەم: ڕۆژنامەکان:**

٤٨ - قرار مجلس قيادة الثورة، رقم (٣١٣)، عادة الجزء و الفرع (الكويت) الى الكل و الاصل (العراق) بوحدة اندماجية كاملة ابدية، الوقائع العراقية رقم (٣٢٢٠)، في تاريخ (١٣ / ٨ / ١٩٩٠).

٤٩ - بيان رقم (٥٨٥٣) ، صادر عن وزارة العدل حول تشكيلات قضائية في محافظة الكويت، الوقائع العراقية رقم (٣٣٢٥)، في تاريخ (١٧ / ٩ / ١٩٩٠).

**پێنجەم: پێگە ئەلکترۆنییەکان:**

٥٠ - Resolution ٦٦٠: Iraq-Kuwait (of ٢ August ١٩٩٠), daccess-dds ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٧٥/١٠/IMG/NR٠٥٧٥١٠.pdf, (Accessed on ١٥ / ١ / ٢٠١٦).

٥١ - Resolution ٦٦٢: Iraq-Kuwait (of ٩ August ١٩٩٠), daccess-dds-ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٧٥/١٢/IMG/NR٠٥٧٥١٢.pdf, (Accessed on ١٥ / ١ / ٢٠١٦).

٥٢ - Resolution ٦٨٧: Iraq-Kuwait (of ٣ April ١٩٩١), http://daccess-dds-ny.un.org/doc/RESOLUTION/GEN/NR٠/٥٩٦/٢٣/IMG/NR٠٥٩٦٢٣.pdf, (Accessed on ١٥ / ١ / ٢٠١٦).

٥٣ - Security Council Resolutions related to the Second Gulf War (١٩٩٠), www.un.org/Docs/scres/١٩٩٠/scres٩٠.htm, (Accessed on ١٥ / ١ / ٢٠١٦).

**پاشکۆی ژماره (١) أ**

**نامەی سەرۆك وەزیرانی عێراق و فەرمانڕەوای کوێت لە ساڵی (١٩٣٢)**

# الرسالتان المتبادلتان بين رئيس وزراء العراق وحاكم الكويت اللتان تؤكدان الحدود الكويتية العراقية في ١٩٣٢/٧/٢١ و ١٩٣٢/٨/١٠م

**من: نوري باشا السعيد**
**إلى: السير أف. همفري**
**مكتب مجلس الوزراء**
**بغداد في ١٩٣٢/٧/٢١**

أظن بأن سعادتكم توافقون على أن الوقت قد حان لتأكيد الحدود الموجودة بين العراق والكويت.

ولهذا، فأنا أرجو أن تتخذوا الاجراءات الضرورية لأخذ موافقة السلطات المسؤولة في الكويت على تفصيلات الحدود الموجودة بين البلدين:

«من تقاطع وادي العوجة مع الباطن، ثم باتجاه الشمال على طول الباطن إلى نقطة تقع جنوبي خط عرض صفوان. ثم باتجاه الشرق لتمر جنوبي آبار صفوان وجبل سنام وأم قصر، تاركة هذه المواقع للعراق، وذلك حتى التقاء خور عبدالله بخور الزبير.

أما جزر وربة وبوبيان ومسكان (أو مشجان) وفيلكة وعوهه وكبر وقاروة وأم المرادم فإنها تتبع الكويت».

**پاشکۆی ژمارە (١) ب**

**كتاب من حاكم الكويت،**
**إلى الوكيل السياسي في الكويت**
**مؤرخ في ١٩٣٢/٨/١٠**

بيد السرور تسلمنا رسالتكم السرية، والمؤرخة في ٧ الجاري (ربيع الثاني ١٣٥١ الموافق ١٩٣٢/٨/٩)، وعلمنا بمحتوياتها، وكذلك ترجمة الرسالة المؤرخة في ١٩٣٢/٧/٢٥، المرسلة من سعادة المندوب السامي في العراق إلى سعادة المقيم السياسي في الخليج الفارسي، وترجمة الكتاب المؤرخ في ١٩٣٢/٧/٢١، والمرسل من سعادة نوري باشا السعيد - رئيس وزراء العراق، بخصوص الحدود العراقية الكويتية.

وكذلك علمنا من كتاب سعادة المقيم السياسي المؤرخ في ١٩٣٢/٧/٣٠، بأن الحدود التي اقترحها رئيس وزراء العراق قد وافقت عليها حكومة صاحب الجلالة.

ولذلك، نرجو أن نخبركم بأننا نوافق على تأكيد الحدود الموجودة بين العراق والكويت، كما هي مفصلة في كتاب رئيس وزراء العراق.

**وەرگیراوە لە: عبدالله حمد محارب، وثائق لاتموت، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ٢٠٠٠.**

## پاشكۆی ژماره (٢) أ

## بڕیاری ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش سەبارەت بە گەڕاندنەوە و لكاندنی كوێت بە عێراقەوە

# قرارات مجلس قيادة الثورة

**رقم القرار : ٣١٣**

**تاريخ القرار : ١٧/محرم/١٤١١ هـ**

**١٩٩٠/٨/٨ م**

استنادا الى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة مايأتي : ـ

ايها الشعب العراقي العظيم من البر الى البحر

ايها العرب الغيارى في كل مكان ..

قليلة هي الايام التي يفرح فيها العرب ويبتسمون لمعانيها ويهللون بالقادم من ايامها ، كان هذا حالهم منذ أن غابت عن مواضعها الارادة الوطنية والقومية في الحكم على طول زمن حكم الاجنبي وكان هذا هو حالهم بعد ان بدأ الحكم الوطني بداياته حتى انتشر على مساحة الوطن ، ذلك لان الاجنبي وان غادر صيغ الاستعمار المباشر مما كان قد اعتمده من قبل فانه لم يغادر صفوفنا عن طريق عملائه ودسائسه ، وكان من ابرز افعال الاستعمار الاجرامية ان جزأ الوطن الذي كان واحدا يوم كانت بغداد عاصمة كل العرب ، وبعد الاستقلال الذي حظيت به اقطار العرب راح يوغل بافعاله الشريرة .. فجزأ الكثير من الاقطار وفق حسابات اطماعه ومراميه ، لاضعاف امكانيات الاقطار التي اكتسبت عمقها الحضاري وقدرة العمل والتطلع نحو دور وطني مؤثر لاضمن مساحتها المرسومة فحسب وانما على مساحة الوطن العربي ككل والامة العربية بعامة ، فراح قلم الاستعمار ومقصه اللئيمان يتعاونان في رسم الخرائط على أساس ان يكون كل جزء في الوطن العربي ، اذا ماعاش تحت كيان دولة مستقلة ، ضعيفا وغير مؤثر لصالح النهضة العربية والوحدة العربية ككل ، وان يترك هذا الفعل ظلاله وآثاره السلبية على العلاقات بين الاقطار العربية ليحل بينها التناحر والفرقة محل التضامن والوئام .

وفي كل الاحوال فقد عمد الاستعمار الغربي وهو يرسم جغرافية وحدود السيادة في كل قطر الى ان تبقى كل الاقطار ضعيفة وان تحول التجزئة مع مضي الايام دون صيرورتها صفا واحدا وحالا واحدة ، فجعل حيثما كان ذلك ممكنا الحضارة والاستعداد العالي التجمع بفعل تراكم زمن الحضارة والكثافة السكانية في جانب ومصادر الثروة الجديدة ، البترول والمعادن الاخرى في جانب اخر ، حيث قلة السكان وانعدام العمق الحضاري وضعف الاستعداد نظرا لانعدام شروطه وهكذا حقق الاستعمار مقاصده وليس ادل على نجاحه في ذلك من انه حول الوطن العربي الى اثنتين وعشرين دولة قبل قيام وحدة اليمن المباركة في شهر ايار الماضي ، وبهذه الاساليب سلب الاستعمار العرب لامقومات الاقتدار المادي فحسب بل والاقتدار الروحي أيضا فقد تضافر الفقر عند الاغلبية (يكاد الفقر ان يكون كفرا) مع الخلل الذي تركته الثروة الجاهزة التي لم تتدرج في حجمها عند الاقلية التي لم تكن مهيأة بما فيه الكفاية للتصرف بالثروة التي جاءها فائضة عن الحاجة الانسانية المتوازنة ومن غير جهد او مثابرة فافسدت الكثير من افرادها وفي المقدمة منهم الحكام فيها، فاستلبت منهم القيم الروحية وواجباتها تجاه الله والانسان ،والذي اصاب الاقطار الاخرى على ارض العرب ، أصاب العراق عندما اجتزأ منه الاستعمار جزءا عزيزا هو الكويت وابعد العراق عن البحر لكي يحرمه من جانب من اقتداره السوقي (الستراتيجي) وأبعد جزءا من شعبه وجزءا من ثروته عن الاصل والمنبع ، ونظرا لخصائص الانسان في العراق وطبيعة العمق العريق لحضارته ولان مصادر الثروة الجديدة فيه ، تغطي كل ارضه من الشمال مرورا بالوسط والجنوب لم يستطع الاستعمار الغربي ان يحقق في العراق ماحققه عن طريق التجزئة مع الاقطار العربية الاخرى ، فبقي العراق عدا استثناءات معروفة في مسيرته ليس بعيدا عن الله والانسان فيه ، وأصبح الله بعد ثورة تموز العظيمة عام ١٩٦٨ بين النواظر وفي العقول والقلوب والضمائر ومن موقع اخر صار الانسان ذا مكانة متميزة بوجه عام ان كان في النظرة او التصرف تجاهه سواء على مستوى المواطنين او القيادة عدا جزئه المبعد عن المسار (الكويت) ولان باب السماء ينفتح للارادة الفعالة الخيرة وتصميم المؤمنين الرافضين للذل والباطل والظلم ، فقد انفتح باب السماء سواء في العراق قبل يوم النداء في الثاني من آب او في جزئه المبعد (الكويت) وويل لمن لم تنفتح له باب السماء بشروطها ويتأخر عن فرصته فيها ، وويل لنا من عذاب الله ان تأخرنا عن واجباتنا تجاهه ومن جملة واجباتنا في ارضه هو النضال والجهاد من اجل صحوة قومية عميقة تضع الامور في نصابها وتعيد للانسان العربي مكانته ودوره القائد في رسالة الله وفي رسالة الحياة ، وان هذا لايتحقق قبل ان تتحقق الشروط الصحيحة فيه مبتدئين بالنفس ، وان النفس التي نقصدها هنا وطنية جماعية وعند ذلك فلا تتحقق قاعدة ماهو صحيح قبل ان يعود الجزء المبعد عن اصله والمنبع فكان الذي كان في يوم النداء في الثاني من آب ، وان يوم النداء العظيم، فانفتح باب السماء باذن الله امام العراق وانفتحت فرص واسعة امام كل العرب ولكن في نفس الوقت فقد

پاشكۆی ژمارە (٢) ب

# قرارات مجلس قيادة الثورة

انفتحت بالتوازي مع هذه الفرصة وكواحد من شروطها ميادين منازلة جديدة للايمان كله تجاه الكفر كله .. وليس من هم اجدر من شعب القادسية وقيادته من يملأ الفرصة بعد انتزاعها ، واستنادا الى كل هذا واشارة للمناشدة الواردة في بيان حكومة الكويت الحرة المؤقتة واستنادا الى التحول العظيم الذي حصل في حياة شعبنا بعد يوم النداء والى دواعي المباديء والقيم والمعطيات التي جاء بها ذلك اليوم الاغر، في الثاني من آب من هذا الشهر الذي باركه الله بفاتحة انتصار العرب في قادسيتهم الثانية ، ونظرا لما آل اليه الحال بعد أن تزلزل كيان قارون وبعد ان انخسفت به وبأعوانه الارض ، وبغية اضعاف اماني الخائبين والاشرار من خارج وداخل الوطن العربي ، ولوضع الامور في نصابها الصحيح بأعادة الجزء والفرع «الكويت» الى الكل والاصل والمنبع «العراق» لتصحيح ماجار عليه الدهر والغاء الغبن والحيف الذي كان قد أصاب العراق في صميم كيانه قبل يوم النداء .

فقد قرر مجلس قيادة الثورة اعادة الجزء والفرع «الكويت» الى الكل والاصل «العراق» بوحدة اندماجية كاملة ابدية لا انفصام لها تسود فيها نفس المفاهيم والقيم التي تسود في اجزاء العراق الاخرى وبمايعزز وحدة العراق ارضا وانسانا ومياها واجواء اقليمية .

ايها الشعب العراقي العظيم ..

ياجماهير امة العرب ..

ايها القادة العرب حيثما كنتم مع قيم ومصلحة العرب وحيثما طردتم الغشاوة والانانية ورفضتم ضغط الاجنبي ردروبه والاعيبه .

هذا هو قرارنا وهو قرار الحق والعدل والانصاف انه قرار للحاضر وهو قرار للمستقبل ، وهو في الوقت الذي نطق فيه العراق ، بعد ان عقد العزم في الثاني من آب هو وكل ابنائه على انجاز هذا الواجب الوطني الشريف ، قرار للامة ككل لما يحمل من معاني القوة والاقتدار والايمان والتطلع ، انه لكل العراقيين من البر الى البحر وهو في نفس الوقت لكل العرب الخيرين من المحيط الى الخليج .

اما وقد اتخذنا قرارنا هذا فنقول لكل الاشرار وكل المتآمرين ان كل الاساطيل واسراب الطائرات وكل مراكز القوة الغاشمة في الارض سواء كانت داخل الوطن العربي او خارجه ، لن تهز سعف نخيل البصرة والقادسية والمثنى والكويت والجهرة ومدينة النداء (الاحمدي) نقول لهم اننا سننازل قوتكم الغاشمة سواء هددتم بها او استخدمتموها منازلة تستحق كل تضحية نقدمها ويقدمها معنا مناضلو العرب والمجاهدون وكل اخيار العرب وستحرقكم دماء شهدائنا ليبقى العراق عزيزا وليؤسس بعزه وعز الاقطار الاخرى عزا شامخا لكل العرب ونقول للخائفين مما يسمونه بسابقة «الكويت» عليكم ان لاتتوهموا فتقيسوا الامور قياسات مخطوءة ، اذ ان مابين العراق واجزائه الجنوبية في الجهرة ومدينة الكويت ومدينة النداء هو قياس خاص بالعراق ، ولا اطماع لنا بارض احد او ثروته وليتمظ من يتعظ ونقول لمن يحاولون تجميع صفوف الشر بأن الكثرة من العناوين المصطفة ضدنا لن تحجب عنا المحركين وزبانية جهنم وخزنة النار فيها وان ألسن لهيب النار لن تزيد وجوههم الكالحة الا اتضاحا .

وما دام الامر في بدايته فان العراق كريم وان الله غفور رحيم فليكفوا غيهم عن ميدانه ويبعدوا نفث سمه عن ضلوعهم ، لان الاستمرار في خطة الغدر والاعداد للعدوان والمباشرة به سوف تجعلنا نرصد بدقة دور كل شرير في هذه المؤامرة ، ولن يغيب عند ذلك عنه الحساب بعد ان يأذن الله وليكن قارون الكويت عبرة هداية بدلا من ان يكون عامل ثقل اضافي لمزيد من الضلال والذنوب والظلم ..

وان شعب العراق الذي يعرفون قادر على المجابهة حتى النهاية المظفرة التي يريدها الله ، ولن يخسر فيها الا الخاسرون وسوف تبيض وجوه ، وتسود وجوه والفجر طالع والشمس بازغة تكشف دروب العتمة والغي، وان خيرات العراق كثيرة والخيرين من حوله كثر، وان الباحثين عن دروب التجارة والمنافع كثر وسيجدون طريقهم الى العراق مهما بدا للضالين ان طوقهم محكم وسيفشل العدوان والحصار الاقتصادي ويفشل بأذن الله وهمة العراقيين والعرب العدوان العسكري وبعد فاننا بعد ان نستاذن الله بطلب غفرانه وعونه سنضرب الكفر كله بالايمان كله .

لقد بزغ فجر جديد في حياة العرب يضيفونه الى الايام القليلة التي يفرحون فيها مجتمعين ، يعاونهم كقنديل ضوء كبير لتبديد وطرد العتمة والظلام ، ولا مجال ليغيب عن مساره العظيم .

لقد طلع الفجر ليبقى وعلى الخفافيش ان تعود الى جحورها وان الله لقدير ولهم بالمرصاد ويستجيب لامره رجال اكثر حرصا على الموت عندما لايكون الا هو الخيار الشريف في سبيل الله وحياة عز لاتنقطع عن اولادهم واحفادهم من بعدهم ، من حرص الاشرار على حياة الذل والتبعية ، ونقول للاجنبي ان المتورطين سيدفعون ثمنا غاليا ..

الوقائع العراقية ـ ملحق العدد ٣٢٢٠ ٣٩٢ ١٩٩٠/٨/١٣

وەرگیراوە لە: الوقائع العراقية رقم (٣٢٢٠)، في تاريخ (١٩٩٠/٨/١٣).

پاشکۆی ژماره (٢) ج

# قرارات مجلس قيادة الثورة

وفي كل الاحوال سيكون من آثار المنازلة ان هي بدات ان تهتز وتتدحرج من الرؤوس والاكتاف بقايا الشارات والرتب وستزداد وتزهو اكاليل الغار ورتب الشرف والعز على رؤوس واكتاف النشامى ، وسيلعن الله الملعونين .. وسيدفع كل ثمن فعله ، وسيصيب المؤمنين مايصيبهم ، قل لن يصيبنا الا ماكتب الله لنا هو مولانا وعلى الله فليتوكل المؤمنون ..

صدق الله العظيم

والله اكبر .. الله اكبر .. الله اكبر

وليخسأ الخاسئون

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ايها الاخوة وايها الشرفاء حيثما كنتم ...

**صدام حسين**
**رئيس مجلس قيادة الثورة**

**رقم القرار : ٣١٥**

**تاريخ القرار : ٢٠/محرم/١٤١١ هـ**

**١٩٩٠/٨/١١ م**

في هذا الظرف الذي يخوض فيه شعبنـ
المقدسة ضد قوى الشر والعدوان وهي معـ
كل الشعب ضد من يريدون اذلاله ، ومن
مخططات قوى الامبريالية والرذيلة ليبقى شـ
عزيزا ، وافشال الحصار الاقتصادي بعون
ونصر من عنده ، ولتوفير الكفاية من المواد
المواطنين على السواء وابعادها عن المتلاعبين
النفوس الضعيفة والنظرة القاصرة .

واستنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة مايأتي : ـ

اولا : يعتبر احتكار المواد الغذائية لاغراضـ

وەرگیراوە لە: عبدالله حمد محارب، المصدر السابق.

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**پێکهێنانی لیژنەیەکی ناوەندی لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و ئامێرە قورسەکان بۆ عێراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

العدد : ص/١١/ ٢٤٢٥٨

// سري للغاية وعلى الفور //

التاريخ : ٢٤/ صفر/١٤١١هـ
١٤/ أيلول/١٩٩٠م

مجلس قيادة الثورة
جهاز الخابرات
مكتب مدير الجهاز
العدد ...
التاريخ ١٥/ ٩/ ١٩٩٠

وزارة التجارة — مكتب الوزير

م : بضائع محافظة الكويت

اشارة الى كتابكم المرقم ٦٤٠/٦/١ والمؤرخ في ١٩٩٠/٩/١١ ، والحاقا بكتبنا وبرقياتنا كافة بخصوص الموضوع في اعلاه .

تقرر ماياتي :

١ . تشكيل لجنة مركزية لجرد وتقييم ونقل البضائع من محافظة الكويت برئاسة السيد وزير التجارة وعضوية ممثلين عن :

- وزارة التجارة
- وزارة النقل والمواصلات
- وزارة الدفاع
- ديوان الرقابة المالية
- مديرية الامن الاقتصادي

وللجنة الاستعانة بمن تراه مناسبا من المختصين في الوزارات والدوائر المختلفة .م )

٢ . تتولى اللجنة في اعلاه مايلي :

أ — وضع اليد فورا على كافة الموجودات والبضائع الموجودة في الموانئ والمخازن ( باستثناء محلات البيع بالتجزئة ) والمجمعات الملزنية . وبغض النظر عن عائديتها ، وتأمين الحراسات اللازمة لها .

ب — جرد الموجودات والبضائع والمواد الموجودة في الموانئ والمخازن المذكورة في الفقرة ( أ ) في اعلاه واعداد الكشوفات الاصولية بأعدادها وكمياتها واقيامها .

( ٢ — ١ )

**وەرگیراوە لە: عبداللّه حمد محارب، المصدر السابق.**

**پاشکۆی ژمارە (٤)**

**ئاگر تێبەردان و تەقاندنەوەی بیرە نەوتەکانی کوێت**

سري

ف ٣ مغاوير فرقة ٣

العدد ٢٠/ ٢٢/ ١

التاريخ ٢٠/١/١٩٩١

الى/ كتائب المغاوير

الموضوع/ توجيهات

كتاب ق. ناحية أ. الحرس الجمهوري الخاصة سري وشخصي ٥٩ في ١٦/ك٢/١٩٩١ المبلغ بكتاب قيادة الفيلق الثالث سري للغاية وشخصي ٧٧٦ في ١٧/ك٢/١٩٩١ والمبلغ إلينا بكتاب قيادة فرقة المشاة الثانية سري وشخصي ٤٠ في ٢٢/ك٢/١٩٩١

أمر السيد الرئيس القائد (حفظه الله) باجتماع القادة والعاملين بالقوات المسلحة يوم ١٩/ك٢/١٩٩١ ما يلي:

١- المنشآت النفطية المهيأة للتخريب تنفذ عندما يصبح الوقت خطر بحيث لا تسلم الى الاعداء سالمة بل مدمرة وعلى الآمرين الموجودين في مواقع مسؤوليتهم المنشآت النفطية تنفيذ قرار التخريب مع مقر الفرقة وفي حالة انقطاع الاتصالات وعدم الاتصال على القادة المسؤولين عن التخريب القرار على التنفيذ في ضوء الموقف.

٢- نتصرف مع محافظة الكويت كما نتصرف مع محافظة اخرى بحيث نقاتل دونها كما نقاتل عن غيرها ولا نخرج من الاردن إلا بالخطة المناسبة.

٣- استخدام النيران بكثافة ونحن في الموضع الدفاعي ولا نخرج للقتال من الموضع الدفاعي إلا في الهدف المطلوب.

٤- يمكن ان تجعل بعض من التلفزيون اللواء في بث معين بكذا خلاف الحقائق ما لم يكن مطلوب وكل شيء غير التشويه والقتال لا يجب ان نهمل هدوء الاعداد.

النقيب

أثير سلطان فضل

آمر ف مغ فرقة ٣

**وەرگیراوە لە: مجموعة من المتخصين، تدمير ابار النفط في الوثائق العراقية، مركز البحوث و الدراسات الكويتية، ١٩٩٥.**

**الملخص**

**بعد خروج منطقة المشرق العربي تحت سيطرة الدولة العثمانية و تكوين عدد من الدويلات أصبحت هذه المنطقة تعاني من مشاكل متعددة منها (مشكلة الحدود وجود القوة و مشكلة الثروة)، واحدى هذه المشكلات كان بين العراق و الكويت، مما أدى الى أحتلال الكويت من قبل العراق و اشتعال حرب الخليج الثانية، و على ضوء تلك الاوضاع و الاحداث جاءت بحثنا بعنوان ((حرب الخليج الثانية ١٩٩٠ – ١٩٩١)) كدراسة تاريخية – سياسية، إضافة الى تحليل الاسباب و العوامل التي ادى الى وقوع تلك الاحداث و موقف الدول منها.**

**حيث كانت وراء احتلال العراق للكويت دوافع جغرافية و تاريخية و سياسية و اقتصادية منها اعتبار الكويت جزء من العراق، وادت ذلك الى تصعيد غضب الدول العربية و العالم، و اصدر اثنا عشرة قرار ضد العراق من طريق مجلس الامن و الامم المتحدة منها هجوم التحالف برئاسة الولايات المتحدة الامريكية، و كان من نتائجها انسحاب العراق من الكويت و قبول جميع القرارات و الشروط التي فرضها الامم المتحدة، منها فرض الحصار الاقتصادي على الشعب العراقي و نزح اسلحة و تدمير ترسانة العسكرية و قطع علاقاته مع دول العالم.**

## Abstract

After Ottoman Empire lost its control over Eastern Arabian region, many countries has established in this region. These countries have many problems such as a border conflicts, conflicts over natural sources and a conflict of power dominance over the region. One of the problems was the Iraq-Kuwait conflict which ended by invading Kuwait by Iraq and destabilized the region. As a result of Iraq's invasion of Kuwait the second gulf war was started. This study is an attempt to understand how the war started what was behind the war, and how the neighbors of both countries reacted to the war. It also attempts to evaluate the consequences of the war on the region.

The invasion of Kuwait by Iraq has been occurred caused by some strategic points, such as: historic, geographic, economic and politic reasons. Therefore, some powerful Arabic countries protested and issued twelve decisions against Iraqi regime in United Nations Security Council. Then, coalition forces and USA had shifted the focus of their air attacks toward Iraqi ground forces in Kuwait and southern Iraq as result Iraq lost the war and evacuated Kuwait. Finally, Iraq suffered enormous damages and it would recognize Kuwait's sovereignty and get rid of all its weapons of mass destruction.